# پەتای عەشق
# ئایا عەشق نەخۆشییەکی دەروونییە؟



**دکتۆر فرانك تالیس**

**لە فارسییەوە: محەمەد کەریم**

**ئاگری پەنهان**

**ئەو مەسەلانەی کە لەنێوان کولتوورەکاندا دەبن بەشتێکی گشتیی ئاسایی دەگمەن و ئاشکران.**

**کتێبی (عروج انسان) جاکوب برنۆفسکی**

دەشێ عەشق بەشێوەی جیاجیا بوونی هەبێت، بەڵام شێوەیەك لەدرەوشانەوەی عەشق کە لەبەرەبەیانی مێژووی نووسراوەوە مرۆڤی سەرسامکردووە، عەشقی نێوان دوو مرۆڤە کاتێ عاشقی یەکتری دەبن. ئەو عەشقەی کە زیاتر وەکو عەشقی پڕتاسە یان رۆمانسی ناوی دەبەن. عەشق بەم مانایە لەناو مەسەلە ئینسانییەکاندا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەم عەشقە هەردەم خەمی هەمووان بووە و خەمی هەموانیش دەبێت.

لەناو حاڵەتە جۆراوجۆرەکانی بوونی مرۆڤدا، حاڵی مرۆڤ کاتێ گیرۆدەی عەشق دەبێت لەهەموویان نهێنی ئامێزترە. ئەم بارە بێوێنەیەو هەندێ جاریش مرۆڤ گێژ دەکات. کولتووره فره جیاوازەکان بەدرێژایی هەزاران ساڵ هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی لەعەشق تێبگەن. لەقاڵبی شیعرو گۆرانی و شێوەکانی دەربڕینی هونەرییدا ئێمە بەردەوام رووبەرووی گەلێ پرسیاری وەك ئەم پرسیارانەی خوارەوە دەبینەوە: (بۆچی ئەم هەستەم لادروست دەبێت؟) (چیم بەسەر دێت؟) لەهەموو پرسیارەکانیش وردتر ئەوەیە کە دەڵێت: (عەشق چییە؟) بەم پێیە خەمی ئێمە لەگەڵ عەشقدا، نیشاندەری لێکۆڵینەوەشە دەربارەی ماهییەتی عەشق. خواوەندەکانی هونەرو زانست گەمارۆی گەنجینەیەکی بەرفراوانی زانیاریی بینراو و نەبینراویان داوە، کە رەنگە وەکو دۆکیۆمێنت و بەڵگەیەکی زانستی لەقەڵەم نەدرێن، وێڕای ئەمەش شایانی ئەوەن وەك خۆیان پشتیان پێ ببەسترێت.

مرۆڤ هەر کە توانی بیروبۆچوونی خۆی بەنووسین تۆماربکات، دەستیکرد بەرێکخستن و کۆکردنەوەی کتێبخانەی سەرچاوە سەبارەت بە دەروونزانیی (کلاسیکی) کە زیاتر دەربارەی هۆکارو ئەزموون و ئەنجامەکانی عەشق بوون.

تەنانەت لێکۆڵینەوەی رواڵەتکاریی بەرهەمە هونەرییەکان لەسەر بنەمای ناوەرۆکی عەشق ناتەباییەکی بەرچاو نیشاندەدات. بەدەگمەن عەشق وەکو ئەزموونێکی تەواو پەسەند باس دەکرێت. عەشق تێکەڵی و پێکەڵییەکە لە هەست و سۆزی کۆنترۆڵ نەکراو و بەئاشکرا ناتەبا. ئینسانەکان کاتێ عاشقن، باس لەپێکهاتەیەکی سەیروسەمەرەی لەزەت و ئازارو خەم و شەیدای و سەرمەستی و نائومێدی دەکەن. عەشق بەئاشکرا وەکو کەشتییەکی ئاسمانی وایە کە تەنیا لەنێوان دوو شوێندا لەگەشتدایە: بەهەشت و دۆزەخ.

کاریگەریی ئەم پەرێشانیی هەست و سۆزە گەلێجار زۆر قووڵە. عەشق شێوەی بیرکردنەوەو رەفتاری مرۆڤ دەگۆڕێت. جگە لەوەش زۆرجار ئەم گۆڕانکارییانە بەگشتی ناهاوسەنگیی دەروونییان لەگەڵدا دەبێت. کەسانی عاشق کەمتر دەتوانن کۆنترۆڵی رەفتاری خۆیان بکەن و زیاتر هەست بەگۆڕان دەکەن، واتە سەبارەت بەبڕیاردانی عەقڵانیی توانایەکی کەمیان هەیە.

عەشق لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەنیشانەکانی نەخۆشیی بەدەندا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی هەیە. زۆرجار عاشقان وەکو کەسانی تالێهاتوو، فەوتاو و بێرەنگ و روو باسدەکرێن کە خەو و خۆراکیان نییە. بەم پێیە ئەو کەسانەی تائێستا چەند بابەتێکیان سەبارەت بەعەشق نووسیووە، وەکو نەخۆشییەکیش باسیانکردووە. لەڕاستیدا خوازە (استعارە)ی نەخۆشی یان ناساغی یەکێك بووە لەجێگیرترین تایبەتمەندییەکانی شیعری دڵداری (غەزەل) یان گۆرانیی عاشقانە لەهەموو چاخ و سەردەمەکاندا. سەبارەت بە پرسیاری (عەشق چییە؟) گەلێ وەڵام هەن، بەڵام لەونێوانەدا وەڵامی (جۆرە پەتایەکە) وەڵامێکە بە شێوەیەکی بەرچاو چەندبارە بۆتەوە.

وەڵامێکی ئاوا لەگەڵێ ئاستی جیاوازدا دەتوانرێ وەکو شتێکی پڕ تانەوتەشەر، سەرقاڵکەر یان هیچ و پووچ لەبەرچاو بگیرێت. بەدڵنیاییەوە تەنیا وەڵامێکە کەزۆربەی کەسەکان زۆر گوێی نادەنێ و بەجدی وەریناگرن. ئەو وەڵامەی کە زانستی پزیشکی زیاتر لەهەزار ساڵ حەزیدەکرد پەسەندی بکات، ئەو وەڵامەی کە ئەگەر بەپێی زەمینەی تیۆرە زانستییە مۆدێرنەکان بەشێوەیەکی باش و گونجاو لێی بکۆڵرێتەوە، ئەوە دەسەلمێنێ کە بەشێوەیەکی سەرسورهێنەر لەجێی خۆیدایە. لەراستیدا وەڵامی (عەشق جۆرە پەتایەکە)، سەرەداوی ئاشکراکردنی گەلێ نهێنی لەخۆ دەگرێ دەربارەی چۆنێتیی عاشقبوونی ئێمەو چۆنێتیی ئەزموونی عەشق و چۆنێتیی خودی عەشق.

هەروەکو دەبینین خوازەی نەخۆشی بەشێوەیەکی بەرچاو رۆشنکەرەوەیە. ئەگەر لۆجیکی وردی ئەمە رێنماییکەرمان بێت، دەتوانین وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەینەوە:

بۆچی پیاوان زیاتر لەژنان عاشق دەبن؟

بۆچی ژنان زیاتر لەپیاوان حەزدەکەن ئالوودەی عەشق بن و خووی پێوەبگرن؟

بۆچی عاشقان هەموویان بەلای کەمەوە بۆ ماوەیەك پەیوەندییان لەگەڵ دڵدارەکەیاندا بەجوان دەبینن (بەچاوپۆشی لەوەی کە لەڕاستیدا خۆی چۆن دێتە بەرچاو)؟

بۆچی خەڵك (کاتێ عاشقدەبن) حەز دەکەن شیعری دڵداری بڵێن (تەنانەت ئەگەر پێشان هەرگیز شیعری لەو جۆرەیان نەوتبێت)؟

بۆچی دڵشکان زۆر بەئازارو بەسوێیە؟

بۆچی عەشقی پڕ جۆش و خرۆش و پڕ تاسە بەدەگمەن بەردەوامدەبێت؟

وێڕای ئەمە خوازەی نەخۆشی مەسەلەیەکی زۆر گرنگ دەربارەی تێگەیشتن و مامەڵەکردنی ئێمە لەگەڵ عەشقدا ئاشکرا دەکات. هەزاران ساڵ ئەم خوازەیە بۆ جەختکردنەوە لەسەر لێکچوونەکانی نێوان عەشق و شێتی بەکارهێنراوە. خوازەی ناوبراو لەم بارەیەوە هێندە سەرکەوتوو بوو کە ئێستا جیابوونەوە لەم چەمکە زۆر قورسە. بەم پێیە لەڕاستیدا لەڕۆژگاری نوێدا، (شێتی) خاسیەتێکی بایەخدارە بۆ متمانەو پێگەی عەشق لەرووی راستگۆیی و قووڵییەوە. ئێمە نامانەوێ عەشقێکی عەقلانیمان هەبێت. ئێمە خوازیاری عەشقێکی بێپەرواو گەرموگورو پڕ هەوەس و پێشبینی نەکراوین.

بەڵام ئەنجامەکانی ئەم میراتە چین؟ عەشقێکی وا چۆنچۆنی کار لەڕێوشوێنی فۆرمەڵەبوونی پەیوەندیی دۆستانە دەکات؟ بە چ شێوەیەك چۆنێتیی ئەم جۆرە پەیوەندییانە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە؟

گەلێ دانای وەکو (بێرتراند روسێل)ی فەیلەسوف و (دالایی لاما)، بەختەوەرییان بەئامانجێکی عەقلانیی زانیووە. وێڕای ئەمەش بەپێی رێنمایی ئەمانە باشترین رێگەی بەدەستهێنانی بەختەوەری لەژیاندا گرتنەبەری رێوشوێنێکی عەقلانییە. رەنگە کارێکی تایبەتی هەڵبژێرین لەبەرئەوەی ئەمکارە چەند ئەنجامێکی باشی لێدەکەوێتەوە یان دۆستایەتییەکی پەسەند لەپێناوی پەیوەندیی هاوبەشدا بکەین. دەتوانین مەسەلە هەرە لەپێشەکان ئاراستە بکەین، لەگەڵ ئەوەشدا لەو مەسەلانەدا کە پەیوەندییان بەدڵ و هەست و سۆزەوە هەیە، بەشانازییەوە دەستبەرداری لۆجیك دەبین و نکۆڵیی لێدەکەین. لەکاتێکدا ئێمە ئەوەمان لەبەرچاوە کە دروستکردنی پەیوەندیی دۆستانەو مانادار بۆ بەختەوەری پێویستە، بەڵام لەهەمان کاتدا عەقلانییەت (راشناڵیزم) پەسەند ناکەین و رەتیدەکەینەوە، چونکە عەقلانییەت بە (ناعاشقانە) لەقەڵەمدەدەین. لەم رووەوەیە کە ژنانی بێهەست و سۆزو مرۆڤە ناکەسبەچە شیکپۆشەکان دەبن بەکەرەسەی سەرەکی ئەدەبی عاشقانە، کە نیشاندەری ئەوەیە (کوپید) -خودای عەشقی رۆمەکان- بەدبەختێکە لەخۆیەوە کوێرانە تیرەکانی هەڵداوە بۆ سەر زەوی.

رەنگە شێتیی عەشق بەشێك بێت لەقەدەری مرۆڤایەتی. شتێك بێ کە نەتوانین لێی رابکەین. لەگەڵ ئەمەشدا قبوڵکردنی هێزو توانای، تێگەیشتن لە هەنگاوەکانی، هۆشیاریی سەبارەت بە کاریگەریی لەسەر دەروون، بەلای کەمەوە لەو ئازارو ئەشکەنجەو بەڵایە دەمانپارێزێت کە عاشقە کۆنەپەرستەکان بەگشتی ئاهەنگی بۆ دەگێڕن.

ئەگەر عەشق وەکو جۆرێك لەنەخۆشی گوزارشتی لێبکرێت، ئایا دەرمان و چارەسەریشی هەیە؟ یان چەند رێگەیەکی مایەی رەزامەندی و درێژخایەنترو کەمتر مایەی دەردەسەریی هەن بۆ عاشقبوون؟ ئەگەرچی ئێمە حەزمان لەعەشقی شێتانەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەگەری عاشقبوونی عاقڵانەشمان لەبەرچاوبێت.

چ شتێك دەبێتە هۆکاری عاشقبوونی عاقڵانە؟ چۆن دەتوانین پەتای عەشق بگۆڕین بە سەلامەتی عەشق؟ ئەمانە کۆمەڵێ پرسیارن کە ئێمە دوای وەڵامدانەوەیان دەکەوین.

بۆ تەواو تێگەیشتنی ئەو بونیادەی کە لەسەر بنەمای خوازەی نەخۆشی (عەشق)، بیروبۆچوونی ئێمە دەربارەی عەشق فۆرمەڵە دەکات، لەسەرەتادا خراپ نییە ئەگەر لەچۆنێتیی کاریگەریی عەشق لەنووسینە

سافۆ



سەرەتاکانی جیهانی کۆن و کلاسیك بکۆڵینەوە. بەشێوەیەکی سەرەکی عەشق لەبەر بەخێرایی دەرکەوتنی لەجەستەی مرۆڤدا وەکو نەخۆشییەك ناسێنرا. وێرای ئەوەش لەکاتی پێویستدا جەختکردنەوە لەعەشق لەجەستەوە گوێزرایەوە بۆ دەروون و لەوێدا چڕکرایەوە. بەم پێیە، هاوزەمان لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانییەتدا، خوازەی نەخۆشی وردتر و روونتر بەکارهێنرا. بەپێی دەستنیشانکردنی شاعیران عەشق لەهیچ نەخۆشییەکی تر ناچێت. بەدەربڕینێکی وردتر، جۆرێکی تایبەتە لەنەخۆشی واتە نەخۆشی دەروونییە. تەنانەت لەسەر (پاپیرۆس) -کاغەزی کۆن- و پارچە قوری شارستانییەتەکانی سەرەتاش ئەوە نیشاندراوە کە عەشق پەیوەندیی بەشێتییەوە هەیە.

کۆنترین شیعری دڵداریی بەردەست لەسەردەمی هەژدەیەم زنجیرەی پاشایی میسری کۆندا نووسراوە. نەخشونیگاری ناو گۆرەکان چەند میوانداریییەك نیشاندەدەن کە تیایدا بەزۆری مۆسیقارە ژنەکان سەرقاڵی ئامێری مۆسیقی ژێدارو هەوایین. لەکاتێکدا کە ئەوانیتر گۆرانی دەڵێن و سەما دەکەن. زۆر لەتوێژەران لەو باوەڕەدان کە ئەم شیعرە کۆنانە بۆ وتن لەگەڵ مۆسیقاداو وەکو گۆرانیی دڵداری نووسراون. خاڵی سەرسورهێنەر لەمبارەیەوە ئەوەیە کە چۆنچۆنی ئەم گۆرانیانە کە زیاتر لە (٣٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا وتراون، ئەو هەست و سۆزو دەربڕیانە لەخۆدەگرن کە هێشتا لەزۆر لەو گۆرانییە دڵدارییانەی ئێستادا دەتوانرێ نموونەی لەو بابەتە بەدیبکرێت. (جێم مەهێڵە هەرگیز، تکات لێدەکەم)، (گرفتاری عەشقی تۆم، پێم نییە برۆم)، (دڵی من دیلی ئەوە) نائومێدیی عاشقە گەنجەکان هێشتا وەك خۆی ماوەتەوە، تەنانەت ئەگەر هەرەمەکان (بۆ هەمیشەش لەناو بچن)

ئەگەرچی ئەم شیعرانە چەند ساتێکی بەختەوەریی گەورە وەسفدەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی عەشق هەمیشە بەتوێژاڵێك لەخەم و خەفەت داپۆشراوە. ئەم شاعیرە گومناوانە باسی هەست و سۆزی بەکوڵ و پەرێشان و بێئارامی خۆیان دەکەن. لێدانی دڵی ئەم شاعیرانە ئیدی ئاسایی نییە: (کاتێ بیر لە عەشقی تۆ دەکەمەوە، دڵم بەخێرایی دەفرێ.) ژنێك راستەوخۆ قسە لەگەڵ دڵی دەکات و دەڵێت: (بۆچی هێندە شێتانە رەفتار دەکەی؟ ئارامبە ئیتر.) چەند نیشانەیەکی مادی تریش هەن، شاعیرێکی گەنج دەنووسێت: (ئەگەر

ساتێك لەیار دوور بکەومەوە، دڵم دەکەوێتە فڕین.) لەم شیعرانەدا چەند ئاماژەیەکیش بۆ خەم و هەستی دیلێتی بەدیدەکرێ کە هاوشانی عەشقی بیمارئاسایە: (بە تاڵی زوڵفی خستمییە داوی عەشقەوەو بەنیگای چاوانی گردەنشینی کردم.)

لەسەرنجراکێشترین نموونەی ئەم شیعرانەی سەرەتادا، بەئاشکرا عەشق وەکو نەخۆشییەك باسدەکرێت. شاعیرێك کە ماوەی یەك هەفتە لەدڵدارەکەی دابڕاوە، شتێکی دڵتەزێن و ترسناك بەئاوات دەخوازێت. لەئەنجامی دووریی یار، هەست بە (نەخۆشی) دەکات. لەشی (قورس) دەبێت و ئاگای لەوە نامێنێت کە بایەخ بەخۆی بدات. وێڕای ئەوەش دەزانێت کە نەخۆشییەکەی بەچاودێریی پزیشکی یان ئامۆژگاری ڕۆحانییەکان چارەسەر ناکرێت: (نەپزیشکەکان ئەگەر دەرمانەکانی خۆیان بێنن دڵم دەرمان دەکەن، نە ڕۆحانییەکان دەتوانن نەخۆشییەکەم دەستنیشان بکەن.) لەڕاستیدا هیچکام لەو دەرمانانەی لەکتێبە پزیشکییەکاندا هەن و شاعیر بە (کتێبی چڕوپڕو پڕ ماناو مەفهومیان) دەزانێت، ئازارەکانی دانامرکێننەوە. تەنیا دەرمانی کاریگەر بەلای شاعیرەوە بینینەوەی دڵدارەکەیەتی. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵەی، شاعیر باشتر نابێت چونکە چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێت دڵدارەکەی هەتا حەوت ڕۆژیتر بگەڕێتەوە. دەرککردنی ئەوەی لەگەڵ دوورییەکەدا کات سەعات لەدوای سەعات درێژو درێژتر دەبێت، تەواو هەستی پێدەکرێت.

ئێمە شتێکی ئەوتۆ لەبارەی شاعیرەکانی سەرەتای میسری کۆنەوە نازانین. ئەمانە گروپێکی بچووك و گومناو بوون، ئەڵقەیەکی هەڵبژاردەبوون لە کۆمەڵێ ڕۆح کە پاسەوانیی سەرچاوەیەکی ترادسیۆنی ئەدەبی (ڕۆمانسی)یان لەئەستۆدایە. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرێ چەند نموونەیەکی شیعری دڵداری (غەزەل) لەبەرهەمەکانی (سافۆ-Sapho)دا بەدیبکرێت کە تەقریبەن هەزار ساڵ دوای ئەوە غەزەل نووسراوە. ئەو ژنەی کە بەڕاستی یادی وەکو یەکەم شاعیری گەورەی شیعری دڵداریی بەرێزو خۆشەویستە. ناوی ئەم شاعیرە هەمیشە هاوتای هاورەگەزبازیی ژنان (Lesbianism) بووە. بەڵام شیعرە دڵدارییەکانی کە هەم ئاراستەی پیاوانی کردوون و هەم ژنان لەبەردەستدان.

(سافۆ) لەدورگەی (لیسبوس) هاتە دنیاوە. شوویکرد، یەك منداڵی هەبوو و لەنێوان کۆمەڵێك ژندا کە شیعریشی ئاراستە دەکردن کەسێکی پێشڕەو بوو. لەناو بەرهەمەکانی سافۆدا جگە لە شیعرێکی تەواو (کە ئاراستەی -ئەفرۆدێت-ی کردووەو داوا لەو خواوەندە دەکات تا لەعەزابی عەشقی نەخواستراوی کچێك ڕزگاری بکات باقیەکەی تەنیا بەشێوەی چەند پارچەیەکی بچووك ماونەتەوە. لەیەکێ لەم پارچانەدا بەناوی ( قەسیدەیەك بۆ -ئاناکتۆریا- بەناونیشانی فەرعی -بۆ ژنێك-) عەشق وەکو عەزابێکی بەئازار بەرجەستە دەکات، دڵی لەسینەیدا وەکو مریشکی سەربڕراو باڵە تەپێیەتی، تووشی سەرسوڕمان بووەو دەڵێت: (ڕێك لەژێر پێستمدا هەست بەئاگرێکی بەتین دەکەم، بەچاوانم هیچ شوێنێ نابینم، گوێکانم دەزرنگێنەوە، عارەق دەکەمەوەو لەرزێك سەراپای جەستەمی گرتۆتەوە) بەقووڵی گیرۆدەی ئازارو ئەشکەنجە بووەو لەکۆتاییدا دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ: (ڕەنگم لەپووش زەردترە، وەختە شێت دەبم و وەك مردوویەك وام.)

سافۆ بەوردی ئاگای لەدیوە تاریکەکەی عەشقە. چەشنی (بوونەوەرێکی وێرانکەر کە جارێ مایەی شادییەو جارێکیش مایەی خەم و ئازارە) باسی عەشق دەکات، دەتوانین بەئاسانی نیگەرانیی فیکری و ئیرەیی بیمارئاسا دەستنیشان بکەین تەنانەت لەکورتترین بەرهەمیشیدا کە دەتوانرێ مەزەندەی ئەوە بکرێ سەروەختێ شیعری درێژبوون: (کچێ چ وڵاتێ دڵی تۆی داگیرکردووە! کێ هەیە نەزانێ چۆنچۆنی هەتا قولەپێی جلەکانی لەبەرا داماڵێ.)

لەزۆر ڕووەوە، شیعرەکەی سافۆ بەشێوەیەکی سەیر سەرسوڕهێنەرە. ئەم پارچە ئەدەبییە نهێنی و تایبەتانە وەکو کۆمەڵێ پارچەی فەرشێکی ناسك و جوان بەدرێژایی ڕۆژگار بەدەستمان گەیشتوون. بیروبۆچوونەکانی

سافۆ لەگەڵ ئەوەشدا کە بەشێوەیەکی کەموکورت پێمان گەیشتوون، دیسان ئەو دەرفەتەمان دەدەنێ بچینە ناو جیهانێکەوە کە تیایدا لەزەتی ئارەزووی سێکسی یان بەلای کەمەوە چاوەڕوانیی ئارەزووی سێکسی دەنگدەداتەوە: (-مناسیدیکا-، بە بەراورد لەگەڵ -گایرینۆ-ی لاوێن و میهرەباندا، لەشولاریکی جوانتری هەیە،) (گەلێ سپیتر لەهێلکە)، (دۆشەکەکەم لەسەر زەوییەکە راخست).

بەرهەم و کورتە نووسینەکانی سافۆ لەسێبەرێکی پڕ رازو نهێنیدا بەهەڵواسراوی دەمێننەوە کە خەیاڵ زۆر تینوویانە، دیمەنەکە ئامادە دەبێت: سەرینێك لەسەر زەوییەکی مەرمەڕ، بۆنی رۆنێکی هەڵکروزاوی دەگمەن، لەرزین، لەناخی دڵەوە داواکردنی سافۆ، عەشقێکی شێتانە، زیاتر نزمبوونەوەی سەری سافۆ بۆ ماچکردنی جەستەیەکی رەنگ پەڕیو.

بەپێی ئەفسانەیەك، سافۆ دوای دەرکردنی لەلایەن دڵدارەکەیەوە، لەسەر گابەردێکەوە خۆی هەڵدایە خوارەوەو بەوشێوەیە لەپێناوی عەشقدا گیانی لەدەستدا. بەم پێیە ئەگەرچی لەئەفسانەدا (نەك لەڕاستیدا) عەشق و دەروونپەرێشانیی پێکەوە لەبوونی سافۆدا هەبوون. لەڕوانگەی کولتوورییەوە، بەگونجاوی دەزانین تەنانەت رەنگە بەپێویستیشی بزانین کە یەکەم شاعیری گەورەی شیعری دڵداریی ئێمە کۆتاییەکی تاڵ و نائومێدکەری هەبێت.

عەشق لەزۆربەی ئەفسانەکانی یۆنانی کۆندا بەشێوەیەکی بەرچاو وێنەی کێشراوە. سەرچاوەی سەرەکیی ئەم حیکایەتانە ئاشکرانییە، بەڵام پێدەچێت ئەم حیکایەتانە پوختەیەك بن لەو ترادسیۆنە زارەکییەکیانەی پێشان هەبوون و زۆر کۆن بن. حیکایەت گێڕانەوە هەمیشە هێندەی پەروەردەو فێرکردن مایەی خۆشی و سەرقاڵیی بووەو ئەم مەسەلەیە بەتایبەتی دەربارەی ئەدەبی یۆنان راستە. لەئەدەبی یۆناندا گێلی و گەمژەیی مرۆڤ لەپەیوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان شایان و پاڵەوانان و خوداکان و رۆحەکاندا گەورە دەکرێت. ئێمە دەبێت هەم سەبارەت بەلووتبەرزی و هەم سەبارەت بەعەشق هۆشیار بین. بوونی ئەم دوانە پێکەوە حوکمدان خەوشدار دەکات، بەڵام لەبارەی عەشقەوە پێویستە بگوترێت کە بەڕادەیەك گورز لەهێزی بەڵگەهێنانەوە دەوەشێنێ کە لەو حاڵەتەدا پێویست دەبێت وەکو شێوەیەك لەشەیدایی خوداکان لەبەرچاوی بگرین. ئەم دەستەواژەیە وێنەیەکی بەهێز دەوروژێنێت: عەشق لەگەڵ جەربەزەیی و هەورەبروسکەی تەواودا دێتە جۆش و خرۆش.

سەراپای جەنگی تەروادە لەسەر عەشقی بێبەرنامەی (پاریس) بوو بۆ (هێلین). (پاریس) بەهەڵگرتنی ژنی پیاوێکی تر، بوو بەهۆکاری زنجیرە رووداوێك کە کوشت و کوشتارێکی قێزەون و کەوڵکردنی هەزاران کەسی لێکەوتەوە. کاتێ (ئورفە) بۆ رزگارکردنی (ئۆریدیس) هاتە سەر جیهانی وشکانی، تەنیا بەومەرجە رێگەی پێ درا کە قەت نەگەڕێتەوە. بەڵام کاتێ (ئورفە) یەکەم تیشکی رووناکیی جیهانی وشکانیی بینی، نەیتوانی لەبەرامبەر مەیلی گەڕانەوەو بەشدارییپێکردنی کەسانی دی لە خۆشییەکەی خۆیدا بەربەرەکانێ بکات و بەم کارە بۆ هەمیشە (ئۆریدیسی) لەدەست دا. لەناو ئەفسانەکانی خۆرئاوادا گەلێ بوونەوەر هەن کە بەشێوەیەکی ناعەقڵانی لەپێناوی عەشقدا یاسا دەکەن بەژێر پێوە. بڕیارەکان پێشێل دەکرێن. عەشق و شەیدایی ژوانی قەدەغەیان لێدەکەوێتەوەو مرۆڤە مردووەکان خۆیان لەگوێگرتن بۆ پێشبینیی پەیامبەرانەی ترسناك دەدزنەوە.

لەیۆنانی کۆندا شیعری حەماسی لاوانەوەی لەگەڵدا بوو. ئەگەر یەکەمجار لەسەر پەردەیەکی گەورە دەنووسراو نیشان دەدرا، دووەم جار وەکو میناتۆرێك پڕبوو لەنەخش و نیگار، ئامانجی نیشاندانی جیهانی ناوەوە بوو، جیهانی بیروبۆچوون و هەست و بەسەرهاتەکانی ناو زیهنی کەسەکە بوو و گەلێ تایبەتیتر بوو. لەسەدەی شەشەمی پێش زایندا، گەلێ جار شیعر لەقاڵبی لاوانەوەدا بۆ بەزیندوویی هێشتنەوەی یادی مردووەکان بەکارهاتووە، ئەو نەریتەی کە هەتا ئەمڕۆ بەردەوامە. وێڕای ئەمەش لاوانەوە ئامرازێکی پەسەندبوو لەلایەن هەمووانەوە بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی پەیوەندییە ئینسانییەکان. دەوترێت یەکەم شیعری دڵداری لەقاڵبی

لاوانەوەدا لەلایەن کەسێکەوە نووسراوە بەناوی (میم نێرموس)، ئەو شاعیرەی کە لەنیوەی دووەمی سەدەی حەوتەمی پێش زایندا لە (کولۆفۆن) ژیاوە. ئەگەرچی ناوەرۆکی سەرەکیی بەرهەمەکانی لەزەتەکانی عەشقن، لەگەڵ ئەوەشدا، دەوترێت شیعرەکانی نائومێدی و دڵمردوویشیان چاکدەکردەوە.

شاعیرانی لاتین شیعرەکانی (میم نێرموس)یان کرد بەسەرمەشقی خۆیان و چەند لاوانەوەیەکیان بۆ زیندووەکان نەك مردووەکان نووسی، واتە بۆ دڵدارەکانی خۆیان. لاوانەوە لەسەر دەستی ڕۆمەکان گۆڕا بۆ کۆمەڵێ شیعری کورت کە گوزارشتی لەپەیوەندیی شاعیر دەکرد لەگەڵ دڵدارەکەیدا. لەهەندێ حاڵەتدا ئەو ژنەی مەبەستی لاوانەوەکە بوو واقیعی بوو لەکاتێکدا کە لەهەندێ حاڵەتی تردا کەسێکی خەیاڵی بوو کە ڕەمزی هەموو ژنان بوو، نموونەیەکی کۆنی ژنانەبوو.

بەناوبانگترین شاعیری شیعری لاوانەوەی ڕۆمی (کاتولوس) بوو کە یەکەم شاعیری ناسراوە بەسەرهاتی پەیوەندییەکی تاکەکەسیی بەشیعر نووسیووە. یارەکەی (لیزبیا)، ژنێکی مێرددارەو پلەو پایەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرزی هەیە. بەڵام کاتێ (لیزبیا) لەبەر ئەوەی (کاتولوس) گەنجێك بوو لەلایەن خەڵکی (سیسرۆ)وە پەروەردەکرابوو نەك لەبەر خاتری مێردەکەی وازیلێهێنا، پەیوەندیی خۆشەویستییان کۆتاییپێهات. لەئەنجامدا شیعرەکانی (کاتولوس) بەسەرەتایەکی سادەو جوان و کۆتاییەکی تەمومژاوی و تووڕە باسی بەسەرهاتی خۆشەویستیی دەکەن.

(کاتولوس) بەئازارەوە ئاگای لەناکۆکیی سۆزداریی عەشق بوو. خۆشی و نائومێدی، پێویستی و تاڵی بەقورسی پەرێشانیان کرد: (ڕقم لێتەو لەهەمان کاتدا خۆشم دەوێی، چۆنچۆنی ئەمە کاریکردەیە، نازانم.) وادیارە هەڵچوونی هەستی ناکۆك لەیەککاتدا ئەم شاعیرەی تووشی سەرسامی و سەرگەردانی کردووە. بە (عاشقی شێت) وەسفیان کردووەو دیارە بەزمانی ئێمە دەبێ سەرەنجام خۆی دۆزیبێتەوە: (-کاتولوس- هەی نەگبەت! کۆتایی بەم گێلێتییە بێنە.)

(پروپێرتیوس) بە بەراورد لەگەڵ (کاتولوس)دا ناوبانگێکی کەمتری هەیە، بەڵام لەڕوانگەی خودشیکارییەوە شایستەی هەمان ڕادە ستایشە. لەیەکەم شیعریەوە کە لەو چوار کتێبەی هەڵبژێردراوە کە لێی بەجێماوە تەواو ئاشکرایە کە ئەزموونی عەشقی تاڕادەیەك پڕ دەردەسەری بووە. دەستپێکی شیعرەکە لەسەر بنەمای دەقێکی تر نووسراوە کە سەدەیەك بەرلەوە شاعیرێکی یۆنانی بەناوی (میلگر) نووسیوویەتی. (پروپێرتیوس) وازی لەوێنەی سەرەتایی (ملیگر) هێنا، واتە برینداربوونی دڵ بەتیری عەشق، خوازەی نەخۆشی خستە شوێنی: عەشقی وەکو نەخۆشییەکی ڤایرۆسی باسکرد کە دەتەنێتەوە. وێڕای ئەمە عەشق نەخۆشییەك بوو کە مێشکی (پروپێرتیوس)ی ئالوودە کرد. ناچاربوو (بەبێ عەقڵ و هەست بژی) و لەم بارەیەوە گلەیی دەکات کە: ( ..یەك ساڵی تەواوە کە ئەم شێتییە یەخەی بەرنەداوم.) لەئەنجامدا داوا لەدۆستانی دەکات دەرمانێك بۆ (شێتییەکەی) پەیدا بکەن. ریتمی زۆربەی شیعرەکانی کە لەدەفتەرەکانی دواییدا نووسی، کاریگەریی ئەم وێنانەی سەرەتای بەسەرەوەیە، کە تیایاندا باسی کەسێك دەکرێت لەجیاتی ئەوەی کاریگەریی عەشقی لەسەربێ، تووشی پەتای عەشق بووە.

یەکەم کەس کە لەدەرەوەی ترادسیۆنی ئەدەبی شیکردنەوەیەکی قانوونمەندی سەبارەت بەئەنجامە دەروونزانییەکانی عەشق خستەڕوو، ئەفلاتون بوو. ئەفلاتون ئەوەی دەستنیشانکرد کە عاشق بوون و دووچاری نەخۆشیی عەشق بوون تەقریبەن هەمیشە پێکەوە ڕوودەدەن، لەئەنجامدا بەدەستبردن بۆ میتافیزیکیای سەردەمی خۆی هەوڵیدەدا ئەم دوو شتە ڕوونبکاتەوەو ڕاڤەیان بکات.

ئەفلاتون لەنامەی (فیدروس) ئاوا قسە دەکات کە کاتێ کەسێك دڵدارەکەی دەبینێت، ڕۆحی بارێکی کامڵی دێتەوەیاد کە پێش لەدایکبوون هەیبووە. ئەم بەیاد هێنانەوەیە دەبێتە هۆی تازەکردنەوەی ژیانی ڕۆح کە

بەشێوەی سەرلەنوێ کامڵبوونی باڵەکان گوزارشتی لێدەکەن. هاوکات لەگەڵ کامڵبوونی باڵەکاندا، رۆح دەکەوێتە جووڵەو لەگەڵ چەند هەستێکی وەکو (ئازاری ویژدان)، (ئەشکەنجە) و (ئازار)دا نەخۆش دەکەوێت. هەڵبەتە رۆح هاوکات لەزەتیش دەبینێت، چونکە ئازار پەیوەستە بەیادەوەریی سەرەتای کامڵبوونەوە. ئەم رووداوانە لەرەهەندی مەعنەویدا ئەنجامی خراپی دەروونی و بەدەنیی خۆیان هەیە. کەسەکە تووشی نەخۆشییەک دەبێت، کە نەخۆشیی عەشقە.

لەم بارەدا کە تێکەڵە لە ئازارو لەزەت، گیرۆدەی عەشق حەیران و سەرگەردانی غوربەتی ئەزموونی خۆیەتی و بێ یارو یاوەر لەئازارو ئەشکەنجەدایە. بەهۆی شەیدایی و پەرێشانییەوە، شەوان خەوی لێناکەوێت و بەرۆژیش ئارام و ئۆقرەی لەبەر هەڵگیراوە، بەڵام خواست و ئاواتی بۆ هەر کوێیەکی دەبات کە پێیوایە لەوێ خاوەنی جوانیی دیووە.

ئەفلاتون بەپشتبەستن بەدەربڕینە تایبەتییەکانی سوکرات دەربارەی عاشق دەڵێت: (ئەو رەفتارو کردەوە شارستانییانەی کە عاشق سەروەختێ لەبەرئەوەی لەخۆیدا بەدیدەکرد شانازیی بەخۆیەوە دەکرد، ئێستا نەفرەتیان لێدەکات) عاشقان وەکو ئەوانەی کە لەبەر شێتی لەئازارو ئەشکەنجەدان، کەمتر درك بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. ئەو راستییەی کە عەشق و نەخۆشی هەمیشە پەیوەندییان بەیەکەوە هەبووە، بەشێوەیەك کە قابیلی خۆلێلادان نییە ئەو خاڵەی لەخۆگرتووە کە پزیشکان دەبێت ئامادەیی پێویستیان تێدابێت بۆ پێشکەشکردنی راوێژو یارمەتی لەم بوارەدا. هەروەکو زانیمان، تەنانەت لەیەکەم شیعرە دڵدارییەکانی میسری کۆندا، پزیشکەکان وەکو جۆرە ئامرازێك بەکار دەهێنران: گروپێك بوون کە دەتوانرا بە بەکارهێنانیان خوازەی نەخۆشی قووڵ بکرێتەوە یان ئاسان بکرێت. شاعیرێك کە تووشی نەخۆشیی عەشق بووە، لەراستیدا چاوەروانی ئەوە ناکات مایەی بایەخپێدانی دکتۆر بێت، چونکە بۆخۆی پێشان دەزانێت کە بەکارهێنانی زانستی پزیشکیی کار لەنەخۆشییەکەی ناکات. تەنیا شتێ کەدەردی دەرمان دەکات دڵدارەکەیەتی کەدەیپەرستێت. بەم پێیە گەلێ بەسەرهاتی عاشقانەی دێرینمان لەبەر دەستدایە کە لەناویاندا عاشقە غەمگین و نەخۆشەکان بەبێتواناییەوە داوا لەپزیشکان دەکەن زامیان تیمار بکات، لەکاتێکدا هاوزەمان سوورن لەسەر ئەوەی کە پزیشك ناتوانێت دەردیان دەرمان بکات.

ئەم سەرەتا ئەدەبییە چەندین کاریگەریی جیاوازی هەیە کە گرنگترینیان جەختکردنەوەیە لەسەر پیرۆزیی عەشق: عەشق لەدەرەوەی بازنەی کاری زانستەوەیە. عاشقی نەخۆش، چاوەرێی دەستنیشانکردنی ئەو خاڵەش لەپزیشك دەکات کە پرسیاری (ئایا دەتوانیت دەردم دەرمان بکەی؟)، پرسیارێکی بێوەڵامە. عاشق داوا لەدکتۆر دەکات زۆر ئەو پرسیارە بەجدی نەگرێت. بەڵام ئەمە رێك ئەو شتەیە کە لەسەدەی دووەمی زایندا لەرۆم رویدا. واتە کاتێ نەخۆشی عەشق داوای دەکرد دکتۆرێك بایەخی پێبدات، دکتۆرەکان دەهاتن بۆ تیمارکردنی.

لەناو ئەم پزیشکانەدا گرنگترین پزیشکی مێژووی پزیشکیی خۆرئاوا واتە (جالینۆس)یش هەبوو. ئەگەرچی ناوی لکاوە بە-رۆم-ەوە، بەڵام خۆی رەگ و ریشەی یۆنانی هەبوو و زادگای (پرگاموم) بوو، کە جێگای پەرستگایەکی بەناوبانگ بوو بۆ پەرستنی (سکلی پیوس) خودای دەرمان و پزیشکی. (جالینۆس) لەتەمەنی شانزە ساڵیدا بریاری دا ببێت بەدکتۆرو سەرەنجام لەشاری ئەسکەندەرییە دەستی بەخوێندن کرد کە لەو زەمانەدا گرنگترین مەڵبەندی فێربوونی زانستی پزیشکی بوو لەجیهاندا. بوو بە پزیشکی تایبەتی ئیمپراتۆر (مارکۆس ئۆریلیوس) و لەبوارەکەی خۆیدا چەند چوارچێوەیەکی کارای هێنایە ئاراوە کە هەتا سەدەی نۆزدە کاریگەریی لەسەر پیشەی پزیشکی هەبوو.

بنەمای تێگەیشتنی (جالینۆس) سەبارەت بە جەستەی مرۆڤ لەکۆمەڵێ تێکستی پزیشکی وەرگیراوە کە دەوروبەری ساڵی 250 پێش زاین بەهیمەتی (هیپۆکراتیس)ی زانا نووسراون. سیستمی (هیپۆکراتیس)ی چوار

(ئاوێته) لەیەك جیادەكاتەوە: خوێن، بەڵغەم، زەرداو، رەشاو. لەكەسێكی ساغدا ئەم چوار (شلەخز) لەبەرامبەر یەكدا هاوسەنگن. لەكاتێكدا كە تێكچوونی هاوسەنگیی نێوانیان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی نەخۆشی.

رەنگە ئەم نموونەیە بەسەرنجدانی حاڵی ئەو نەخۆشانە بەدەستهاتبێت، كە وا دەهاتە بەرچاو لەخۆیانەوە هەندێ لەیەكێ لەو شلانە فرێدەدەنە دەرەوە. بۆ نموونە، بەڵغەم لەكاتی سەرمابووندا دەردەكەوێت و زەرداو و رەشاو لەرشانەوەدا دەتوانرێت بەدیبكرێن. تەنانەت خوێن كە بەهێزترین شلەیە كەپەیوەستە بەژیانەوە، بەئاشكرا پەیڕەوی ئەم یاسایە دەكات واتە كاتێ خوێن لەئەنجامی خوێن بەربوونی لووت و سوڕی مانگانە (ئەو دیاردەیەی كە سەرەنجام بوو بەبنەمای تیۆری خۆێن وەرگرتن) لە لەش دێتە دەرەوە. واهەست دەكرێت هەریەكێ لەو شلانە لەچوار توخم پێكهاتوون و هەر توخمەشیان پەیوەستن بەدوو دۆخەوە لەچوار دۆخەكە واتە ساردی، گەرمی، تەڕی، وشكی.

سیستمی (هیپۆكراتیس)ی تا ئەو شوێنەی كە بە باڵادەستیی رێژەیی ئاوێتەیەكی  تایبەتەوە پەیوەستبێ بۆ كارتێكردن لە خوو و رەوشت یان كەسێتی، ماناو كاریگەریی هەیە. بەم پێیە هەر چوار شلەكە لەچوار كەسایەتیی جیاواز دەچن: میزاج خوێنی (گەرم، تەڕوبڕ)، میزاج بەڵغەمی (سست، بێ كەف و كوڵ)، میزاج زەرداوی (كاردانەوەی توند، تووڕەوترۆ)، میزاج رەشاوی (پەرێشان، غەمگین).

(جالینۆس) لەتەك هەبوونی توانای دەروونزانی نموونەی وابەستە بەچوار شلەكەوە، بەشێوەیەكی ئاسان دەربارەی بابەتی نەخۆشیی دەروونی هیچی نەنووسی. لەبەرهەمە سەرەكییەكەی خۆیدا واتە (دەربارەی سەرەتای زانینی پزیشكی)، باسی گەلێ نەخۆشی دەكات، بەڵام تەنیا سیان لەو نەخۆشیانە پەیوەندییان بە تێكچوونی باری دەروونییەوە هەیە. یەكەمیان دەربارەی ژمێریارێكی ماندوونەناسی پیاوێكی دەوڵەمەندە كە لەبەرئەوەی هەڵە لەحسابەكەیدابووە شێواوە. دووەمیان دەربارەی كوڕەكەی (بۆیتۆس)ە، كە نیگەرانی سزادانێتی لەسەر ئەو چەند خواردنەی كە دزیویەتی. لەكاتێكدا سێیەمیان دەربارەی ژنەكەی (ئیۆستروس)ە كە لەدوانەكەیتر سەرنجراكێشترە. ئەم حاڵەتی نەخۆشییە رەنگە یەكەمین حاڵەتی تۆماركراوی پەتای عەشق بێت كە دكتۆرێك بەتەنیا دەستنیشانی كردووە.

ژنەكەی (ئیۆستروس) تووشی بێخەوی ببوو و چەند نیشانەیەكی پەرێشانیی توندی پێوەدیار بوو. كاتێ (جالینۆس) بۆ چارەسەری سەردانی كرد، ژنە وەڵامی پرسیارەكانی نەدایەوە و یەكەم گفتوگۆی نێوانیان بەوەی كە بەتانییەكەی دا بەسەری خۆیدا كۆتایی هات. (جالینۆس) بێئەوەی دڵی ساردبێتەوە، بۆ پشكنینی بەردەوام سەردانی دەكرد تا ئەوەی لەیەكێك لەدیدارەكاندا بەڕێكەوت پێشكەوتنێكی گرنگ لەدەستنیشانكردنی نەخۆشییەكەیدا بەدیهات. (جالینۆس) هەستیكرد كاتێ بەڕێكەوت كەسێك ناوی (پلیادس) دەبات كە سەماكەرێكی پیاوە، شێوەی قسەكردنی نەخۆشەكەو رەنگ و رووی گۆڕانی بەسەردا دێت. (جالینۆس) یەكسەر لێدانی دڵی گرت و هەستیكرد لێدانی دڵی ژنەكە زۆر تێكچوو. لەسەردانەكانی دواییدا داوای لەخوێندكارەكانی كرد لەلای نەخۆشەكە ناوی چەند سەماكەرێكیتر بێنن، بەڵام هیچ گۆڕانێكی لەلێدانی دڵی ژنەكەدا هەستپێنەكرد، پاشان رایگەیاند:

لەشەوی چوارەمدا كاتێ وترا (پلیادس) خەریكبوو سەمای دەكرد، تەواو لەنەخۆشەكە وردبوومەوە و هەستمكرد دڵی زۆر بەخێرایی لێدەدات. بەم پێیە بەوەم زانی كە ژنە نەخۆشەكە عاشقی (پلیادس)ە و بەو سەرنجدان و وردەكارییەی لەڕۆژانی دوای ئەوەدا خستمەگەڕ، بۆچوونەكەم جەختی لێكرایەوە.

لەسەردەمی (جالینۆس)دا نووسینەكانی (هیپۆكراتیس) گومانیان خستەسەر ئەو بۆچوونەی كە گوایە پەرێشانییە دەروونییەكان رەگوریشەی میتافیزیكییان هەیە. بۆ نموونە پەركەم كە سەروەختێ بە (نەخۆشی پیرۆز) ناودەبراو تووشبوونی پەركەم دەدرایە پاڵ خوداكان، حاڵی حازر شتێك نییە جگە لە روودانی شتێكی

نائاسایی لەمێشکدا. (جالینۆس) پەیڕەوی ڕێبازەکەی (هیپۆکراتیس)ی دەکرد، هەربۆیە پێگەی بەرزی عەشقیشی دابەزاند. نیشانەکانی پەتای عەشق پەیوەندییان بە دەخالەتی مەسەلەی پیرۆزییەوە نەبوو. (جالینۆس) لەو باوەڕەدابوو پەتای عەشق دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شەوق و زەوق و خواستێکی بەهێزەوە و تووشی تێکچوونێکی (ئاوێتە) یان (کیمیایی) دەبێت کە ئەمەش بۆ خۆی دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەکانی نەخۆشی لەلەشدا.

لەپاش (جالینۆس) عەشق بوو بەمەیدانی هاوبەشی شاعیران و پزیشکان.

بەدحاڵیبوونێك لەم نێوانەدا هەیە کە لەدوای روخانی ئیمپراتۆریای رۆم هەتا سەدەی چواردەی زاین بابەتی زۆر کەم دەربارەی عشق نووسراوە. واگریمان دەکرێت کە سەدەکانی تاریکی جۆرە خاکێکی وشك و برنگی کولتووری بووبێ کە کۆتایی پێنەدەهات ئەگەر کاریگەریی شارستانیەت خولقێنی مەسحییەت لەسەراپای ئەورووپادا پەرەینەسەندایە، لەوکاتەدا شاعیرانی جیهان پێش ئەوەی مۆسیقاژەنە گەڕۆکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست بێنەمەیدانەوە، حەیران و سەرگەردان بوون. پاشان ئەم گروپە مۆسیقاژەنە گەڕۆکە فەڕەنسییە بەخێرایی هاتنە مەیدانەوەو بیرۆکەی عەشقی رۆمانسییان هێنایە ناو ئەدەبی خۆرئاواوە.

لەڕاستیدا ئەو بیروباوەڕانەی پەیوەستن بەعەشقی دەربار و پەیوەندیی عاشقانەوە هۆکارێکی ئەدەبییان هەیە کە چەندین سەدە پێش دەرکەوتنی مۆسیقاژەنە گەڕۆکەکان بوونیان هەبووە. بەدرێژایی سەدەکانی تاریکی، گەلێ شیعری دڵداری لەجیهانی عەرەبدا لەدایکبوون و نەریتێك لەشیعری دەربار هەتا سەدەی هەشتەم و نۆهەم لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا فۆرمەڵە بوو. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ترادسیۆنی ئەدەبی لەجیهانی عەرەبدا، زانستی ئیسلامییش پەرەیسەند. لەسەدەی نۆهەمدا خەلیفە مەئمون کۆلیژێکی تایبەتی بۆ وەرگێڕەکان دامەزراند کە تیایاندا بەهیمەتی وەرگێڕەکان ژمارەیەکی زۆر لەنووسینە یۆنانی و ئاسوری و فارسی و سانسکریتییەکان وەرگێڕدران بۆ عەرەبی. خەلیفە مەئمون فەرمانی دروستکردنی ئەکادیمیای زانستی لەبەغدای ئەو زەمانە دەرکرد کە کتێبخانەیەکی گەورەی هەبوو و بەتەلەسکۆبێکی زۆر گەورە تەیارکرابوو. لەکاتێکدا خۆرئاوا هێشتا لەهەوڵی بوژاندنەوەی شارستانیەتی کلاسیکدا بوو، زانا ئیسلامییەکان ماوەی نێوان مانگ و زەوییان حسابکردبوو، یەکێ لەوانە بەناوی (جابری کوری حەیان) ئەوەی دەربڕیبوو کە ئەگەر بتوانرێ ئەتۆم یەکالا بکرێتەوە، بەو وزەیەی لێی دروستدەبێت دەتوانرێت شارێك لەسەر زەوی بسڕدرێتەوە. توێژەرە مسوڵمانەکان بنیاتنەری بیرکاری بوون و بوونە هۆکاری پێشکەوتنی گەورەش تیایدا: ئێمە (مەبەستی ئینگلیزە) هێشتا سستمی ژمارەی عەرەبی و جەبر بەکاردەهێنین.

لەنێو زانستەکاندا زانستی پزیشکی بەشێوەیەکی تایبەتی پێشکەوت، رەنگە لەبەر ئەوەبێ کە لەقورئاندا خودا وەکو بوارێکی بالا لەپزیشکی دەڕوانێت. پزیشکانی عەرەب زانستێکی زۆریان سەبارەت بە (ئاناتۆمی) مرۆڤ بەدەست هێناو چەندین سەدە پێش (هارڤی) ئاگایان لەسووڕی خوێن بوو. ئەگەرچی داهێنانی بەنجکردن ئاسایی دەخرێتە سەدەی نۆزدە (ئەپیر ether لەساڵی 1842دا دۆزرایەوە)، لەگەڵ ئەوەشدا پزیشکە سەرقافڵەکانی عەرەب بەئیسفنجی حەشیشە پێوەکراو و تلیاك نەخۆشیان بێهۆش دەکرد.

زانایان و توێژەرانی عەرەب تەنیا بایەخیان بەزانینی لەش نەدەدا، بەڵکو بایەخیان بەزانینی دەروونیش دەدا. بەم پێیە لەسەدەی دەهەمدا نووسینێکی زۆر سەبارەت بە ماخۆلیا نووسران و لەنێو نەخۆشییە دەروونییەکاندا، ئەو نەخۆشییەی کە بەلایانەوە بەئاسانی قابیلی دەستنیشانکردن بوو پەتای عەشق یان بەدەربڕینێکی وردتر شێتی عەشق بوو. زاراوەی عەشق لەقورئاندا نەهاتووەو وادیارە زاراوەیەکە کە لەسەرەتاوە بۆ وەسفکردنی تاسەی زۆری مەزهەبی بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر لەزانایان لەبەرهەمە (کەلام)یەکانی خۆیاندا بەمانا شاراوە جەستەیی یان هەوەسییەکەی جەخت لەبەکارهێنانی دەکەنەوە. ئەم بێسەروبەرییەی لایەنە پیرۆزو ناپیرۆزەکانی وشەی عەشق بەجوانی هەستیاریی کولتووری عەرەب سەبارەت بەولێکچوونانەی لەنێوان خواستی

زەمینی بۆ گەیشتن بەیارو خواستی رۆحانی بۆ یەکانگیری لەگەڵ خودادا هەن نیشاندەدات. لەگەڵ ئەوەشدا لەسەدەی نۆهەمدا زاراوەی عەشق دەلالەتی مەعنەوی خۆی لەدەستداو بەتایبەتی بۆ وەسفکردنی حەزێکی لەرادەبەدەرو کەڵکەڵەیەك بۆ کەسێکی تر بەکارهات.

ئەو خاڵەی کە زۆر لەو وشە عەرەبیانەی پەیوەندییان بەعەشقەوە هەیە گەلێ مانای شاراوەی پەرێشانکەریان هەیە، زۆر مایەی سەرنجە: ئەو وشانە بەیادهێنەرەوەی بەدبەختی یان ئازارێکن کە قابیلی خۆلێلادان نییە. زاراوەی عەشق لەوشەی شوێنی چاندنی تۆو کاریگەریی زمانەوانیی ئەوەوە وەرگیراوە کە تیایدا پەیوەندیی لەنێوان عەشق و هەڵچوونی سۆزداری ماوەیەکی زۆر بەرلەوە پێکەوە پەیوەست ببوون.

(الاسمائی) فەرهەنگنووس ماوەیەکی زۆر بەناو عەرەبی بیابانشینیدا گەڕا بۆ ئەوەی کۆمەڵێ زانیاری دەربارەی رەگوڕیشەو پێناسە جیاوازەکانی وشەی عەشق بدۆزێتەوەو لەناو نووسینەکانیدا، ئەم نووسینەی خوارەوە مایەی سەرنجە:

دەربارەی عەشق لەعەرەبێکی بیابانشینم پرسی و وتی: (عەشق هێندە بەرزوباڵایە کە بەدیناکرێت و لەچاوی مردووان پەنهانە، هەربۆیە وەکو بەردی ئاگرکردنەوە لەسینەدا خۆی حەشارداوەو کاتێ گڕبگرێت، ئاگرێك دەخاتەوە. ئەم ئاگرە هەتا تاك و تەنیا بێت، بەشاراوەیی دەمێنێتەوە.) هەندێ عەرەب دەڵێن: (عەشق شێتییە. شێتی شێوازی جۆراو جۆری هەیە و عەشق یەکێکە لەوانە.) پزیشکە مسوڵمانەکان لەهەوڵیاندا بۆ تێگەیشتن لەعەشقی لەرادەبەدەر پەنایان بۆ بەرهەمە وەرگێڕدراو و تازەکانی جیهانی کلاسیك برد کە بەشێوەیەکی سەرەکی بەرهەمەکانی (جالینۆس)بوون. سیستمی (جالینۆس)یان بەلاوە پەسەندبوو لەبەرئەوەی روونکردنەوەی زانستی دیاردە دەروونییە تەمومژاوییەکانی دەخستەڕوو. بەم پێیە پزیشکیی دەروونیی ئیسلامی قۆناغی ناوەڕاست بەتەواوی رەگوڕیشەی لەناو ترادسیۆنی ئاوێتەکاندابوو. بەرهەمەکانی (المسوجی) زانا لەم روانگەیەوە نموونەیەکی باشن. (المسوجی) یەکەم کتێبی وانەی پزیشکیی نووسی کە پاشان دەقی وەرگێڕدراوی بۆ لاتینی گەیشتە خۆرئاواش. کتێبەکە باسێکی تیۆری لەخۆدەگرێت سەبارەت بەهۆکاری نیشانەکانی چەند خوڵق و خوویەکی دەروونیی لەبابەتی ماخۆلیاو خۆ بەگورگ زانین و پەتای عەشق. بەپێی بۆچوونی (المسوجی) عەشقی پڕجۆش و خرۆش لەبنەڕەتدا کەڵکەڵەیەکەو کۆمەڵێك نیشانەی نەخۆشیی بەدەنی لەگەڵدایە: بەتایبەتی چاو بەقووڵاچوون، جووڵەی خێراخێرای چاو، زوعف کردن و گۆڕانی لێدانی دڵ.

لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرکەوتنی (ئەبو عەلی سینا)، بۆچوونەکانی (المسوجی) فەرامۆشکران، (ئیبن سینا) ئەو پزیشکەی چارەنووس کردی بەکاریگەرترین فەیلەسوف و زانای جیهانی ئیسلام و زانایانی سەدەکانی ناوەڕاست لەخۆرئاوا بەناوی (ئەبو عەلی سینا)وە نەمرییان پێبەخشی. دوو بەرهەمی دیاری (ئیبن سینا) بریتین لەکتێبی (شیفا- ئینساکلۆپیدیای گشتیی زانستیی – فەلسەفی) و (یاسای پزیشکی) کە رەنگە دووەمیان یەکێك بێت لەکتێبە هەرە بەناوبانگەکانی مێژووی پزیشکیی. ئەم کتێبە بەشێکی سادە دەربارەی زانین و دەرمانی (دەردی عەشق) لەخۆدەگرێت. قسەوباسی (ئیبن سینا) دەربارەی عەشق تارادەیەك دووورودرێژەو ئەوە سەلمێنراوە کە لەوپەڕی خۆرهەڵات و خۆرئاوا کاریگەریی هەبووە. سەبارەت بەخۆرئاوا پێویستە بگوترێت کە باسەکەی (ئیبن سینا) سەبارەت بەپەتای عەشق بەتەواوی چڕاوەتە ناو رەوتی سەرەکیی ئەدەب و زانستی سەردەمی رێنیسانسەوە.

(ئیبن سینا) زۆر دڵنیایە کە نەخۆشیی عەشق نەخۆشییەکی کلینیکییە. (ئیبن سینا)ش وەکو (جالینۆس) گریمانی ئەوە دەکات کە نیشانەکانی پەتای عەشق لە لەشدا بەرهەمی ناهاوسەنگیی کیمیایین کە فاکتەرەکانی دەروونزانی، بەتایبەتی نیگەرانیی فیکری دەربارەی یار هۆکاری دروستبوونین. ئەم بۆچوونە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر تازەیە، لەبەرئەوەی بەردەوامیی پەیوەندیی نێوان دەروون و بەدەن دەناسێنێت. بۆ نموونە،

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە ئەوە دەستنیشانکراوە ئەگەری تووشبوونی کەسانی شەڕانگێزو ململانێکەرو بەهەڵپە بەنەخۆشیی دڵ لەچاو کەسانی لێبووردەو هێمن و لەسەرخۆدا زیاترە. باری دەروونیی دەوروبەری کیمیایی جەستە دەخاتە ژێر کاریگەریی خۆیەوە کە ئەمەش بۆخۆی دەبێتە هۆی تەشەنەسەندنی نەخۆشی لەئەندامەکانی لەشدا لەوانیش مێشك.

بەپێی بۆچوونی (ئیبن سینا)، لەکاتی دەرکەوتنی پەتای عەشقدا، لۆجیك و عەقڵ بەتەواوی تووشی سستی و لاوازی دەبن. بیرکردنەوە دەبێت بەوەهم و خەیاڵ و باری رۆحی تێکدەچێت و هەستێك بەشێوەی دەروونپەرێشانی ئاشکرا دەبێت.

لەماوەی سەدەی یانزەهەمدا، پەیامی پزیشکی شانبەشانی گەنجینەیەکی گەورە کە پێشتر پەیوەندیی بەشیعرو گۆرانی و داستانەوە هەبوو، پێشکەوت. بەهەرحاڵ، نووسەرانی ئیسلامی ئەوەیان پەسەندکرد کە عەشق ئەو بەهایەی هەیە کە لەڕوانگەیەکی تریشەوە لێی بکۆڵرێتەوە، ئەو روانگەیەی کە پێکهاتەیەکی پەسەندی سەبارەت بەبێمەیلیی پزیشکی و نیگەرانییەکی پڕکەف و کوڵ دەخستەڕوو. ئەو پێکهاتەیەی کە وەکو زاراوە پێیان دەوت ئەدەب. وەرگێڕانی ئەم زاراوەیە بۆ ئینگلیزی قورسە، بەڵام دەتوانرێت بوترێت ئەم وشەیە بۆ وەسفکردنی بەرهەمێك بەکارهاتووە کە جۆرێك بووە لەسەرقاڵیی رۆشنبیرانە. ئامانجی نووسینی نامە ئەدەبییەکان لەئامانجی ئەو گروپە توێژەرەی ئەمڕۆ دەچێت کە کۆمەڵێ کتێبی پڕفرۆش بۆ (خوێنەرە رۆشنبیرە ناپسپۆڕەکان) دەنووسن.

لەو کەسانەی کاریگەریی ئەم شێوازە نووسینەیان لەسەربوو، دەتوانرێ ناوی (ئەبو محەمەد حەزم) ببرێت کە بەشێوەیەکی گشتی بەناوی کورتکراوەی (ئیبن حەزم) دەیانناسی. نامەکەی (ئیبن حەزم) دەربارەی عەشق کە بەناوی (تەوقی کۆتر)ە لێکۆڵینەوەیەکی گشتی و هۆشمەندانەیە دەربارەی ماهیەتی ژیانی سۆزداریی مرۆڤ.

(ئیبن حەزم) لە (994 /7/11)ی زایندا لەشاری (قورتوبە) لەدایکبووە. تەقریبەن سێسەد ساڵ پێش ئەوە ئیسلام لەئەندەلوس جێگیر ببوو و خێزانەکەی (ئیبن حەزم) چەند نەوەیەك پێشتر وازیان لەمەسیحییەت هێنابوو و ببوون بەئیسلام. (ئیبن حەزم) بەهۆی نووسینی بەرهەمی هەمەجۆر و رۆشنبیری و شارەزایی و باڵادەستیی لەزمانی عەرەبیدا بەناوبانگ بوو. نزیکەی چوارسەد بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە کە لەو بەرهەمانەیدا دەربارەی گەلێ بابەت توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی کرد وەکو: لۆجیك، مێژوو، قانوون، ئاکار، مەزهەبی پراکتیکی و کەلام.

(ئیبن حەزم) هەستی بەوەکرد کە چەندان جۆری جیاواز عەشق هەیە وەکو عەشقی رۆحانی، عەشقی خێزانی و عەشقی هاوڕێیانە بەڵام تەنیا یەك عەشق هەیە کە تێکچوونی لایەنی سۆزداریی لێدەکەوێتەوە، لەمبارەیەوە دەڵێت:

(لەهیچ کام لەجۆرەکانی تری عەشقدا شتێکی وەکو ئەمە روونادات: جەنجاڵبوونی زیهن، تێکچوونی هێزی لۆجیك، ماخۆلیا، نائارامیی خولق و خوو، گۆڕانی سروشت و رەفتاری سروشتی، بێحەوسەڵەیی، ئاهوناڵەو تەواوی نیشانەکانی تری پەرێشانحاڵییەکی قووڵ کە عەشقێکی پڕ کەف و کوڵی لەگەڵدایە.)

بەڵام وێڕای ئازارو ئەشکەنجەی عاشقبوون، (ئیبن حەزم) هەستی بەوەکرد زۆربەی عاشقان لەناخی دڵەوە خوازیاری ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەن. بەم پێیە عەشق بەشێوەیەکی ناکۆکیئامێز (بیمارییەکی هەمیشەیی گێژکەر) و (نەخۆشییەکی لەزەتبەخش) و (پەتایەکی پەسەند)ە. (ئیبن حەزم) بەئاماژە بۆ نیشانەو ئاماژەکانی عەشق، کاریگەریی چارەسەری پزیشکیی بۆ زاڵبوون بەسەر نەخۆشیی عەشقدا پەسەندکرد. ئەگەرچی ئەم ئەنجامانە دواجار بوون بەهۆی دروستکردنی کەشێکی (خۆشی و شادی) بۆ کەسی عاشق، بەڵام زۆربەی ئەو نیشانانەی کە (ئیبن حەزم) باسیکرد، دەردەسەری دروستدەکەن: (تێڕامانی بیرکردنەوە ورووژێن)، (کەمدوویی لەڕادە بەدەر، زۆر حەزکردن بەتەنیایی، سستی و لاوازبوونو گریان و زاری). وێڕای ئەمەش، (ئیبن حەزم) ئاماژەی بۆ گۆڕانی

خێرای خوو و ڕەوشت، لاوازیی تەرکیز، ڕەفتاری بێپەروا (وەکو دەستبڵاویی لەڕادەبەدەر)و سستی و بێحەواسی و بێخەوییشی کردووە:

بێخەوییش ئەشکەنجەی هاوبەشی عاشقانە. شاعیران چەندین جار بارودۆخی ئەو بێخەوییەیان بەدەربڕینی تەماشاکردنی ئەستێرەکان و شەوانی درێژو لەبرانەوە نەهاتوو وەسفکردووە.

ئەم نیشانانە ئەگەرچی ڕەنگە زۆر توند بن، بەڵام (ئیبن حەزم) جیاوازی دەکات لەنێوان نەخۆشیی عەشق و نەخۆشیی دەروونیدا. نەخۆشیی عەشق چەند گۆڕانکارییەك لەڕەفتاردا دەهێنێتە ئاراوە کە لەنەخۆشیی دەروونی دەچێت، بەڵام عاشقبوون و نەخۆشیی دەروونی یەك شت نین. (ئیبن حەزم) بەشێوازە جوانەکەی نووسینی خۆی کە لەشێوەی پرسیارو وەڵامدایە، باسی دانیشتنی خۆی لەگەڵ هاوڕێکانیدا دەکات لەدوکانی (ئیسماعیل یونس) کە دکتۆرێکی عیبری و ڕوخسارناسێکی زیرەکە. ئەمان پێکەوە لەو دوکانەدا ڕەفتاری تارادەیەك نائاسایی کەسێکیان بەناوی (ابو البقاء) خستۆتە ژێر چاودێرییەوە، کە داوا لەکەسێك بەناوی (مجاهد) دەکات شارەزایی دەستنیشانکردنی (ئیسماعیل یونس) تاقیبکاتەوە:

(بیروبۆچوونت دەربارەی ئەم پیاوە چییە؟) (ئسیماعیل یونس) کەمێك تەماشای کابرای کردو پاشان وتی: (عاشقێکی سەوداسەرە) (مجاهد) بەسەرسامییەوە وتی: (ڕاست دەکەی، چۆن هەستت بەمەکرد؟) (ئیسماعیل یونس) وەڵامی دایەوە (لەڕێگەی ئەو پەرێشانییە زۆرەوە کە بەڕوخسارییەوە دیارە. تەنیا لەڕێگەی ئەوەوە دەنا باقی هەڵسوکەوتەکانی (ابوالبقاء) شتێك دەرنابڕن. لەو ڕێگەیەوە زانیم عاشقەو بەدەست تێکچوونێکی تری دەروونییەوە ئازارو ئەشکەنجە ناچێژێت.)

لەگەڵ ئەوەشدا، عەشقی بەسۆزو بەکوڵ پەیوەندییەکی وەها نزیکی لەگەڵ شێتییدا هەیە کە زۆرجار دەبێتە هۆی شێتی و شێتیی لێدەکەوێتەوە: (جاریوایە نەخۆشییەکە وەها پەرەدەسێنێ کە قوربانییەکە چیتر ناتوانێت کۆنترۆڵی هەستەکانی خۆی بکات. لەتەواوی هەست و عەقڵی خۆی خاڵی دەبێتەوەو دەبێتە دیلی داڵغەلێدانی شێتانەی خۆی.) (ئیبن حەزم) بۆ بەوردی ئاشکراکردنی ئەم خاڵە، چەند نموونەیەك لەسەر دووکەسی، ناودارو شایانی ڕێز دەهێنێتەوە کە لەو کچە ئەفسوناویانە دابڕاون، کە دڵداریان بوون. دەڵێت: (هەردووکیان عەقڵ و هۆشیان لەدەستداو شەیداو پەرێشان بوون تا ئەو شوێنەی کە وا خۆیان دەبینی کۆت و پێوەندکراون.)

(ئیبن حەزم) دوای ڕاڤەکردنی تەواوی ئەم مەسەلەیە، ئاوا بیروڕای خۆی دەردەبڕێ کە ئەو تێکچوونە سۆزداری و عەقڵانییەی لەعەشق دەکەوێتەوە، ڕەنگە ئەوەندە توندوتیژ بێت کە چیتر چاك نەبێتەوە:

(کاتێ عاشقی شەیدا دەگاتە ئەم قۆناغە، تەواوی ئومێدەکان لەناو دەچن و تەواوی چاوەڕوانییەکان بۆ چاکبوون بێهوودەیە. بۆ کەسێکی لەو جۆرە چیتر دەرمانێك وجودی نییە، نەگەیشتن بەیارو نەهیچ ڕێگایەکی تر. تیاچوون و گومڕایی بێ چەندو چوون لەمێشکیدا جێگەی خۆشکردووە. هۆشیاریی ئەو کەسە بەتەواوی لەناو چووەو ئیتر بۆ ئەم کەسە شەڕ کۆنترۆڵی هەموو شتێکی کردووە.)

خۆرئاوا هاوکات لەگەڵ دەستپێکی هەوڵ و کۆششدا بۆ بەدەستهێنانی شارستانییەتی کلاسیك، لەبەر کاریگەریی بەکولتووری خۆرهەڵات زیاترشتی وەرگرت. ئەدەبی خۆرئاوا لەقاڵبی چیرۆکی عاشقانەدا ترادسیۆنی دەرباری عەرەبی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو پەتای عەشق بوو بەیەکێك لەنیگەرانییە بنەڕەتییەکانی پزیشکی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا. لەبەرچاوگرتنی نەخۆشیی عەشق وەکو بابەتێکی پزیشکیی گرنگ ماوەی پێنجسەد ساڵیتر بەردەوامبوو. لەڕاستیدا عەشق و پەیوەندیی لەگەڵ نەخۆشیی دەروونییدا بابەتی چەند نامەیەکی زانستی بوو لەسەدەی حەڤدەی زایندا. لەگەڵ ئەمەدا ئەو خاڵە جێگەی گومانە کە چەمکی پەتای عەشق لەماوەی چەند سەدەیەکدا بەبێ پەیوەندی لەگەڵ نەخۆشییەکی دیکەدا کە ئیدی تەواو ئاوێتەی ببوو، گوێزرابێتەوە. ئەو نەخۆشییەی ناوی ماخۆلیا (گێژوحۆل) بوو.

بیرکردنەوەی ئەوروپاییەکان لەماخۆلیا بەهەڵە لەگەڵ یەکێك لەکارە هەرە لەرادەبەدەرەکانی (هێنری مسی ئەلبێرت دورێر)ەوە بەناوی (میلینکۆلیا-Melencolia) دەستیپێکرد، کە ساڵی 1514 دایهێنابوو. ئەم گراڤورە* وێنەیەکی سەرسورهێنەربوو بەشێوەیەکی تازەی گێژکەر. ژنێکی باڵدار لەکاتێکدا تەماشای فریشتەیەکی نەوجەوانی مۆن دەکات دەکەوێتە ناو کۆمەڵێ شت و ئامرازی کۆن و فرێدراوەوە. یارو هاودەمی ئەم ژنە منداڵێکی باڵدارە بەگۆنای وەك گوڵی سوورەوە کە نقومی دەریای بیرکردنەوەیەو بەبێمەیلییەوە لەزەوی راماوە. سەعاتێکی لمی کە سندوقی خوارەوەی پڕ بووە لەلم نیشاندەری ئەوەیە کە زەمان کۆتاییهاتووەو لەدوورەوە خۆر لەکاتی ئاوابووندایە. کاریگەریی گشتیی وێنەکە بریتییە لەهەستی وازلێهێنان و دەستبەرداربوون. دوو کەسی ناو وێنەکە وادیارە لەجێگایەکی چۆڵ و نامۆدا گیرۆدە بوون: جیهانێك کە تیایدا گفتوگۆ کاری کردە نییەو تەنیا خۆپەرستیی بێزارکەرو زانایانەی تێدا بەدیدەکرێت. ئەگەرچی دەکرێ ئەم بەرهەمە وەکو راڤەیەکی رەخنەگرانە بۆ ریاکاریی زانا خۆپەرستەکان لەبەرچاوبگیرێت، بەڵام ماناکەی پلەیەکی بەرزتری هەیە لەداشۆریی کۆمەڵایەتی.

بەپێی بۆچوونی مێژوونووسانی کولتوور، بیری خودئاگایی** هەتا پێش سەدەکانی ناوەڕاست لەناو خاسیەتەکانی هونەری ئەورووپادا نەبوو، هەتا دەستپێکی چاخی رۆشنگەری لەئەوروپا بەشێوەیەکی گونجاو بەکار نەهێنرا. وێنەکێشانی روخساری خود لەکۆتاییەکانی سەدەی پانزدەهەمدا سەریهەڵداو هەتا سەدەی حەڤدە رەواجی هەبوو. لەم بوارەشدا (ئەلبێرت دورێر) پێشڕەو بوو، یەکێك لەوێنەکانی سەرەتا کە لەهەمانکاتدا جوانترین وێنەشە ئەوەیە کە لەساڵی 1500دا بۆ روخساری خۆی کێشاویەتی. ئەم وێنەیە وێنەی روخسارێکی تەواوە کە تیایدا هونەرمەندی وێنەکێش کە بەشێوەی زەردەشتییەك وێنەی کێشراوە راستەوخۆ لەچاوانی بینەر راماوە.

خودئاگایی (دورێر) بەرەو ناخی خۆی دەیباتەوەو وەکو زۆربەی خەڵکی سەردەمەکەی بەئاشکرا حەزێکی زۆری لەحاڵەتە دەروونییەکان هەیە. رەنگە ئەمە هۆی ئەوەبێت کە ناوی (ماخۆلیا)ی بۆ تابلۆکەی هەڵبژاردووە. ماخۆلیا لەسەرەتاکانی سەدەی شانزەدا دیاردەیەکی تازە نەبوو. هەم پزیشکانی مسوڵمان و هەم پزیشکانی چاخی کلاسیك پێشان بەشێوەیەکی ورد باسیان کردبوو. لەگەڵ ئەمەشدا وادیارە خودئاگایی سەدەی شانزە وەکو جیاکەرەوەیەك بۆ ژیانی دەروونیی مرۆڤ پەرەی بەهۆکاری ماخۆلیا داوە. لەڕاستیدا لەم بوارەدا رۆڵێکی خراپ هەیە کە تیایدا خۆپەرستیی بزوێنەری ماخۆلیایەو ماخۆلیاش خۆی لەخۆیدا دەبێتە بزوێنەری خۆپەرستیی زیاتر.

شێوازو کارێکی لەم جۆرە کە نزیکە لەیەقینەوە لەمێشك و دەروونی (مشیل دو مۆنتینێ)دا هەبووە کە وتارە بەناوبانگەکانی بەشێوەیەکی سەرەکی لەماوەیەکدا نووسیووە کە خۆی لەژێر کاریگەریی توندی ماخولیادا بووە. ئەو وتارانەی کە لەساڵی 1580دا بڵاوبوونەوە لەڕاستیدا وتاری دەستپێکی جۆرێك لەچارەسەر بوون کە تیایدا (مونتینێ) لەرێگەی نووسینی بیروبۆچوونەکانییەوە بەدوای چارەسەری دەروونیی خۆیدا دەگەڕا، بەڵام (مۆنتینێ) بەم کارەی شتێکی گەورەتری بەدەست هێنا. نووسینەکانی زیاتر لەوەی کە وتار بن، سەنگی محەك و ئەزموونن. (مۆنتینێ) زانینەکانی خۆی کرد بەسەرمەشقی کارەکەی کە بریتیبوون لەبیرەوەری و بەهاو تێڕوانینەکانی لەگەڵ هەستی خۆی. ئەنجامی کارەکەی کە لەقاڵبی کتێب و وتاری تەواودا خرانەڕوو، یەکەمین نموونەی مۆدێرنی خودشیکارییە: واتە ئەو تێکستەی کە تیایدا کەسێتی (مۆنتینی) راستگۆیانە رەنگیداوەتەوە. پێویست بەوتنی ئەو خاڵە ناکات کە ناوەڕۆکی وردبوونەوەکانی زۆربەیان ماخۆلیابوون.

ئاماژەکردن بۆ ماخۆلیا لەئەدەبی ئینگلیزی و سەرەتای سەردەمی رێنیسانسدا تارادەیەك کەم و دەگمەنە. لەڕاستیدا هیچ کارەکتەرێکی سەرەکی یان لاوەکی وجودی نییە کە بتوانرێ وەکو (نموونەیەك لەماخۆلیا)

باسبکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا لەدەیەی 1580 بەدواوە، لەئەدەبدا دەرکەوتنی ئەو کەسانەی تووشی ماخۆلیا بوون زیاتربوو و لەنێو ئەوانەدا کەسانێك هەبوون کە تووشی (ماخۆلیای عەشق) ببوون.

بەڕێکەوت نییە کە زۆربوونی ئامادەگیی ژمارەی ئەو کارەکتەرانەی تووشی ماخۆلیا بوون لەنووسینە شێوەپەخشانییە (نەسری) ئینگلیزییەکان و دراماییەکانیشدا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی تێکستی کاریگەری بواری پزیشکیدا هاوکات بوو: واتە لەگەڵ نامەکەی (تیموتی برەیت)دا هاوکات بوو بەناوی (دەربارەی ماخۆلیا) کە لەساڵی 1586 دا بڵاوبۆوە. ئەم نامەیە لەم بوارەدا یەکەمین کتێبی ئینگلیزی بوو و بوو بەهۆی ئەوەی تیۆرە پزیشکییەکان دەربارەی ماخۆلیا زیاتر لەجاران بکەوێتە بەردەستی خوێنەر بەگشتی. (لۆرانس بۆب)ی مێژوونووسی سەردەمی (ئەلیزابێس) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە رەنگە زۆر لەنووسەران لەوانەش (شکسپیر) ئەم نامەیەیان خوێندبێتەوە، لەبەرئەوەی شانۆنامەنووسانی سەردەمی (ئەلیزابێس) بەتەواوەتی ئاگایان لەماخۆلیاو رەگوڕیشە گریمانەییە پزیشکییەکانی بوو. ئەم زانستە پسپۆڕییە لەسیستمی فێرکردن و نموونەی سەردەمی (ئەلیزابیس)دا دەورێکی ئەوتۆی نەبوو کە لەسەر بنەمای فێرکردنی مەزهەبی و فێرکردنی خوێندەواری و چەند شارەزاییەکی کەمبوو لەچوارچێوەی هەڵبژاردەیەکی تێکستی کلاسیکیدا.

هاتنەناوەوەی نیشانەو جیاکەرەوەکانی ماخۆلیا بۆ ناو ئەدەبی ئینگلیزییش لەئەنجامی کاریگەریی مەیلێکی نائاساییەوە بوو. لەئیتالیا، زۆر لەزانایان لەگەڵ ئەو بیروبۆچوونە ئەرستۆییەدا هاوڕابوون کە ماخۆلیا ئازارو ئەشکەنجەی مێشکە گەورەکانە. لەسەر ئەم بنەمایە، پیاوە دیارەکانی ئینگلیز کاتێ لەکاتی سەفەرەکانی ئەوروپایاندا بەم بیروبۆچوونە ئاشنادەبوون لەکاتی گەڕانەوەیاندا بۆ وڵاتی خۆیان، رەفتارێکی ماخۆلیاییان دەنواند بۆ ئەوەی دەربارەی باڵادەستیی زانایانەی خۆیان قسە بکەن.

لەکۆتایی سەدەی شانزەدا جۆرێکی دیاریکراو لەکارەکتەری ماخۆلیایی لەئەدەبی ئینگلیزیدا تۆمارکرا. کارەکتەرێکی نارازییبوو کە ئەوانی دی هەمیشە وەکو مرۆڤێکی (دژ) و (نارازی) باسیان دەکرد. کارەکتەرێکی لەم بابەتە ئاسایی لەڕێگەی ئارەزووی زۆرییەوە بۆ جلی رەش دەناسرایەوە، کە زۆرجار بەشێوەیەکی نارێك و نەگونجاو لەبەریدەکرد. وێڕای ئەمەش ئەم کارەکتەرە چەندین مەیلی دەروونیی تارادەیەك جێگیری هەبوو. کارەکتەری ماخۆلیایی کارەکتەرێکی کۆمەڵایەتی نەبوو کەسێکی بەدڕەفتارو مۆن و غەمباربوو هەمیشە بیریدەکردەوەو زۆر کەمدوو بوو لەکاتی توورە بووندا ئامادەبوو دەنگ بەرز بکاتەوەو قسەی ناشیرین بکات. ئەم کارەکتەرە جگەلە سەلیقەی جل لەبەرکردن و بەشێك لەئازادیی کاری شاعیرانەی، تەواوی سیفەتەکانی تری لەکتێبەکانی وانەی پزیشکییەوە وەرگیرابوون کە دەربارەی ماخولیا بوون. لەبنەڕەتدا کەسی ماخۆلیایی لەدنیای پزیشکیدا لەکەی نەنگی بوو کە زامە دەروونییەکانی هەمیشە لەبەرچاوی هەمووان بوو.

کەسی نارازی سەرەنجام بەشێوەی چەندین جۆر کارەکتەر زیادیکرد کەسیفەتە سەرەکییەکانی هەموویان لەڕووی باری پزیشکییەوە هاوبەش بوو. ئەم کارەکتەرانە مرۆڤی ماخۆلیایی بوون کە دڵیان بەکەسانی دی خۆشنەبوو (چونکە حسابیان بۆ تواناى زۆروزەوەندی ئەو کەسانە نەدەکرد) ئەم کارەکتەرانە وەکو مرۆڤی خراپی ماخۆلیایی و مرۆڤی رەشبینی ماخۆلیایی و پەروەردەی ماخۆلیایی و عاشقی ماخۆلیایی وابوون.

تێکستە زانستییە پزیشکییەکانی سەردەمی ئێستا گریمانی ئەوە دەکەن کە هەست و سۆزی عاشقانە بەزیادبوونی رێژەی خوێن دێتەجۆش. نووسەران و هونەرمەندانی سەردەمی (ئەلیزابێس) لەبەرئەوەی وایاندەزانی جگەر ئەندامێکی لەشە کە خوێن بەرهەمدێنێ، وایاندەبینی جگەر نەك دڵ پەیوەندیی بەعەشقەوە هەیە. لەسەر هەمان ئەم بنەمایە بوو کە (فالستاف) لەچیرۆکی (هاوسەرە شادیبەخشەکانی ویندزر)دا، (پیستیل) وا وەسفدەکات کە (جگەری بەگەرمی دەسووتێ) و (رۆزالین) لەبەرهەمەکەیدا کە بەناوی (هەرچۆنت پێخۆشە)یە بەشێوەیەك رای خۆی دەردەبڕێت کە (ئۆرلاندۆ) دەبوو جگەری بشۆردایە. ئەم نموونانە بۆ جەختکردنەوەیە

لەسەر چۆنیەتیی پەیوەندیی نزیکی تێگەیشتنی نووسەرانی سەردەمی (ئەلیزابێس) کە لەبەرھەمەکانیاندا چەند سۆزو ھەستێکیان بەکاردەھێنا لەبواری زانستی پزیشکییدا بوونی ھەبوو، بەم پێیە پەیوەندیی نێوان عەشق و ماھییەتی دەروونیی قووڵدەکردەوە.

لەسەدەی شانزەھەمدا شەرحی (ئاوێتەی) کۆن بۆ نەخۆشیی بەدەنی و دەروونیی ھێشتا چوارچێوەی تیۆری باڵادەستبوو، ھەربۆیە ماخۆلیای عەشق لەسەربنەمای تایبەتمەندییەکانی ئەو سیستمە ئاشکرا دەکرا. یەکێك لەئەنجامە بێ چەندوچوونەکانی نموونەی (ئاوێتە) ئەوەیە کە ماخۆلیای عەشق نەخۆشییەکە کە لەدوو قۆناغی لەیەك جیاوازدا پەرەدەسەنێت. ئەگەرچی ئەم خاڵە لەکتێبـە پزیشکییەکاندا ھێندە ئاشکرا نییە، لەگەڵ ئەوەشدا مەسەلەیەکی لۆجیکییە. کاتێ خوێن دەدرێ بەلەش، کەسی عاشق بەسەرەتای قۆناغی خوێنیندا تێپەڕ دەبێت و گەرم و تەڕوبڕ دەبێت. پاشان کە ساردو بێحەواس دەبێت، بەھۆی بوونی ھەندێ رەشاوەوە بەقۆناغی ماخۆلیاییدا تێپەڕ دەبێت. ئەم قۆناغی دووەمە سستی بەدەن و نیشانە دەروونزانییەکانی نەخۆشی عەشقی لەگەڵدایە. ئەگەر عەشقەکە زۆر گەرموگوڕ بێت یان عاشقەکان لەیەك دابڕێن، پەرەسەندنی قۆناغی خوێنین بۆ قۆناغی ماخۆلیا مەترسیی زیاتری لەگەڵدا دەبێت. ئەم مەسەلەیە لەئەنجامی گەرمای زۆرو دوورودرێژەوەیە کە پێدەچێت (ئاوێتەکان) پیس بکات. ماخۆلیا بەتایبەتی ماخۆلیای عەشق نەك تەنیا پەیوەندیی بەبڕێ رەشاوەوە ھەیە، بەڵکو پەیوەندیی بەبڕی بەکارھێنانیشیەوە ھەیە. بوونی ئەو شلەخزە کەسی ماخۆلیایی رەنگ پەڕیوو و غەمگین دروستدەکات.

ئەمە خاڵێکی گرنگە، چونکە ئەوەی لەخۆگرتووە عەشق ھەمیشە لەبەردەم گۆڕانێکی ترسناکدایە. ئەوەش ھەڕەشەیەکی ھەمیشەییە کە عەشق دەگۆڕێت بەنەخۆشی دەروونی. لەڕاستیدا رەنگە ئەزموونی پەتای عەشق قابیلی خۆلێبواردن نەبێت. عەشق وەکو بۆمبا وایە کە تەنیا بەجوڵاندنی تەلەکانی خواست و ئاوات، دەتەقێتەوە.

فیسۆلۆجیای نادیارو بێڕەحمی پەتای عەشق لەگوتارێکی بەھێزو نائاسایی ژنێکی گەنجدا لەشیعرێکی (بین جۆنسۆن)دا بەناوی (موسافیرخانەی تازە) بەجوانی نیشاندراوە:

تاسەو ترسەکانم یەکتری دەبینن: دەسووتێم و دەبم بەشەختە
جگەرم خەڵوزێکی بەردینی گەورەیەو دڵم تواوەتەوە
سەراپای دەمارەکانم و خوێنی گیانم
لەناخمدا وەکو دەریاچەیەك دەسووتێن
کە لەگەڵ ھەناسەی ساردو تەزیومدا تێکەڵدەبن

لەسەدەی شانزەھەمدا بوو کە خەڵکی ئینگلیز دەستیانکرد بەبەکارھێنانی دەستەواژەی (عاشقبوون). یەکەمین بەکارھێنانی ئەم دەستەواژەیە بەمانا مۆدێرنەکەی دەدرێتە پاڵ زانایەك بەناوی (پۆلسگریو) کە لەم رستەیەدا بەکاریھێنا: (عاشقی ئەو بووم) دەستەواژەی (عاشقبوون) لەو زەمانەوە لەلایەن ھەمووانەوە پێشوازیی لێکراوە. رەنگە لەبەر ئەو ھۆیە بووبێت کە دابەزینی بێ مەترسیی ریتمەکەی ھەندێ راستیی ئاگادارکەرەوە دەربارەی ئەو عەشقە پەنھان دەکات کەنەست بەئاسانی قبوڵیان دەکات واتە (ئەوەی کەھەست بەوەی کە خۆی دەخاتە مەترسییەوە ئەو راستیانە لەبەرچاو ناگرێت).

عاشقبوونی ئێمە وەکو ئەوە وایە لەناکاو بکەوین بەزەویدا، دیارە ئەم مەسەلەیەش بەرێکەوت و بەبێ بەرنامە داڕشتن روو دەدات. پاشان چەقی قورسایی سۆزو خۆشەویستیمان دەگۆڕێ و دەکەوینە دەستی چارەنووسەوە. کاتێ عاشق دەبین دووبارە دەکەوینە روانگەی یۆنانی کۆنەوە، واتە دەکەوینە ئەو شوێنەوە کە شێتی و شەیدایی دەتوانێت لەناو ھەوەسبازییەکانی خودایەکی وەك خۆیدا لەپەلوپۆمان بخات. سەرەنجام

زرنگانەوەی دەنگی دڵسۆزانە کە هاوبەشە لەنێوان (عاشقبوون) و (نەخۆشکەوتن)دا، دەگاتە گوێمان.

هەلومەرجی کولتووریی لەکۆتایی سەدەی شانزەهەمدا لەبەریتانیا بۆ پتەوکردن و تۆکمەکردنی چەمکی ماخۆلیای عەشق هێندە لەبارنەبوو. ئەو بیروباوەڕانەی کە سەبارەت بەعەشقی دەربار هەبوون، هێشتا سەرچاوەی ئیلهامێکی گرنگ بوون بۆ نووسەران و تێبینییە پزیشکییەکان دەربارەی پەتای عەشق ئیدی تەنیا لەبەردەستی ژمارەیەکی دیاریکراوی زانایاندا نەبوو و خەڵکی بەریتانیا وەکو رەمزی زانین (مەعریفە) باوەشیان بۆ ماخۆلیا کردەوەو قبوڵیان کرد. لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە سەراپای ئەم گۆڕانکارییانە لەوکاتانەدا روویاندا کە زمانی ئینگلیزی لەناکاو گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هات و توانایەکی زۆری پەیداکرد. ئەنجامی ئەم مەسەلەیە سەرەتای چاخی ئاڵتوونی دەربڕینێکی هونەری بوو کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر سەراپای رەنگدانەوەکانی عەشق لەزەمانی دوای خۆیدا.

(سێر تۆماس وایات) لەشیعرێکی ناسك و مایەی تێراماندا نائومێدیی مایەی پەرێشانیی پەتای عەشق بەباشی باسدەکات: (مانای ئەمە چییە کاتێ بەتەنیا رادەکشێم، نائارامم، تلدەدەم، ئاخ هەڵدەکێشم دەناڵێنم.) (جلوبەرگێکیش لەسەر قەرەوێڵەکەم رادەکشێ، هەمیشە تارماییەك کە لەشێوەی خۆمدایە دێت و لەتەنیشتمەوە رادەکشێت: مانای ئەمە چییە) هەستێکی لەمشێوەیە لەم شیعرەی خوارەوەشدا بەدیدەکرێت کە (سێر جۆنسە کلینگ) نووسیوویەتی و پرسیار دەوروژێنێت، دواجار ئەم شیعرە ماهییەتێکی جوانتری بەمەسەلەکە بەخشیووە:

ئەی عاشقی شەیدا بۆچی هێندە رەنگت پەڕیووەو ئازاردەچێژی؟
تکا دەکەم، بۆچی ئەوەندە رەنگ زەردو لێوبەباری؟
کاتێ بەساغی ناتوانی یار هەڵبژێری؟
ئایا بەنەخۆشی دەتوانی؟

(جۆن دان) لەشیعرێکیدا (بە ئاهوناڵەی خۆی گەردەلوولێك بەرپا دەکات و لەفرمێسکدا نقوم دەبێت) (کاترین فلیپس) ئاوا رای خۆی دەردەبڕێت کە (عاشقان وەکو کەسانی تالێهاتوو دەسووتێن و ورێنە دەکەن.)

لەشانۆیی (رۆمیۆو جۆلێت) کاتێ بۆ یەکەمجار رووبەرووی (رۆمیۆ) دەبینەوە کە هێشتا سەرمەستی پەیوەندییەکەیەتی لەگەڵ (رۆزالین)دا وەکو نەخۆشێك باسی خۆی دەکات کە لەبەر (وردەکاریی شێتانەی) ئازارو ئەشکەنجە دەچێژێت و لەشانۆیی (خەونی نیوەشەوی هاوین)دا، (تیسیوس) پێماندەڵێت کە (عاشقان و شێتەکان هەردوولایان مێشکیان پەرێشانە) و شکسپیر لە غەزەلەکانیدا کە بەدەر لەپێویستییە دراماتیکییەکان ئەم غەزەلانەی نووسیووە، راشکاوانەتر قسە دەکات و بەئاشکرا بەهەمووومان دەڵێت:(عەشقی من تای لەگەڵدایە.)

وازم لەچارەسەرهێنا، ئێستا ئیدی عەقڵ جڵەوی بەرداوە،
هەمیشە شێت و شەیداو بێئارامم
بیرو گوفتارم رێك وەك هی شێتەکانە،
پەرش و بڵاو و بێهوودە باسی حەقیقەت دەکەم

لەپاش دەستپێکی رێنیسانس لەبەریتانیا، گوڵی سووری پەیوەندیی عاشقانە هەمیشە بۆنی ماخۆلیای لێهاتووە. بێگومان عاشقبوون سەروساخت پەیداکردنە لەگەڵ شێتیدا.

لەسەدەی شانزەدا پزیشکی وەکو بوارێکی زانستی دەستی بەکامڵبوون کردو بایەخدارترین نیشانەی ئەم گۆڕان و کامڵبوونە پەیدابوونی لێکۆڵینەوە بوو سەبارەت بە تۆیکاریی (ئەناتۆمی). پزیشکان بەر لەسەدەی شانزە بەوە رازیبوون پشت بەزانایانی کلاسیك ببەستن و متمانەیان پێدەکردن، بەڵام لەگەڵ دەستپێکی رێنیسانسدا رۆحێکی تازە کرایەوە بە بەر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەدا. یەکەم مامۆستای مۆدێرنی ئەناتۆمی

(ئەندریاس ڤیسالیۆس) بوو کە بەنمایشە دراماتیکەییەکانی خۆی بوو بەهۆی ئەوەی ئەم بوارە زانستییە لای هەمووان خۆشەویست بکات. هەروەها نووسەری یەکەم کتێبی دەرسی بوو لەبواری توێکاریی-دا. ناونیشانی کتێبەکەی (دەمارەکانی لەشی مرۆڤ) بوو و ساڵی 1543 بڵاوبۆوە.

بەدرێژایی سەدەی حەڤدە، بیری توێکاری زۆر کاریگەر ببوو، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی دەروونزانی، دەروونیش وەکو بەدەن دەبوو وەکو کۆمەڵێ بەش بناسرایە. وێڕای ئەمە خودی عەقڵ وەکو ئامرازی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە بەکاردەهات. خودی توێکاری یان رەچاوکردنی دەروون لەڕێگەی بینینی دەروونەوە گۆڕا بەمەفهومێکی زۆر گرنگ، گۆڕان و پەرەپێدانێك بوو کە لەزاراوە تایبەتییە ئینگلیزییەکانیشدا رەنگیدایەوە. تەقریبەن هەر لەو ماوەیەدا، یەکەم بەکارهێنانی زاراوەی تایبەت بە خودتوێکاری دەبینین وەکو: (خۆناسین)، (سوودگەیاندن بەخود)، (خۆئاگایی). گرنگترین توێکاریی خود کە لەسەرەتاکانی سەدەی حەڤدەدا خرایە ڕوو، کتێبی (توێکاریی ماخۆلیا) بوو کە (رۆبەرت بریتۆن) نووسیوویەتی. ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیەکی وردو کامڵە سەبارەت بەنووسینە پزیشکی و دەروونناسی و شیعرییەکان دەربارەی ماخۆلیا. زۆربەی نووسینە شیعرییەکان لەم کتێبەدا سەروکاری لەگەڵ ماخۆلیای عەشق و چارەسەرەکەیدا هەیەو ئەوە نیشاندەدات کە چۆنچۆنی ئەم مەفهومە بەشێوەیەکی بەربڵاو پەسەندکراوە.

(رۆبەرت بریتۆن) دکتۆر نەبوو، بەڵام ئەندامی دەستەی بەڕێوەبردنی زانکۆی ئۆکسفۆردو رۆحانی بوو. لەگەڵ ئەوەشدا (بریتۆن) لەبەر دوو هۆ دەسەڵات و توانای نووسینی بابەتی کتێبەکەی لەخۆیدا دەبینی. یەکەمیان ئەوەبوو کە زانینی دەربارەی ماخۆلیا زانستی بوو (دیارە بریتۆن بەپشت بەستن بەنموونەهێنانەوە لەهەر بەرهەمێکەوە کە لەئارادا بووەو پەیوەستبووە بەبابەتی کتێبەکەیەوە لێکۆڵینەوەی کردووە.) دووەمیش ئەوەیە کە بۆخۆی تووشی ماخۆلیا ببوو. (بریتۆن) ژیانێکی ناخۆش و یەك ریتمی بەسەر بردو تەواو خۆی تەرخانکرد بۆ پێداچوونەوەی کتێبەکەی. (بریتۆن) لە 25/1/1640دا کۆچی دواییکرد، کاتێ مرد کە زۆر لەپێشبینیی خۆیەوە نزیکە کە لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەی بەختگرتنەوەوە پێشبینیی کردبوو. مردنی بوو بەهۆی هەندێ بەدگومانی لەناو خوێندکارانی ئۆکسفۆرددا، لەبەرئەوەی خوێندکارەکان گومانی ئەوەیان لێدەکرد بۆ هێنانەدی پێشبینییەکەی خۆی کوشتبێ. ئەو راستییەی کە (بریتۆن) پێشان نووسینی کێلی گۆڕەکەی ئاماکردبوو، زیاتر شەرعییەتی بەگومان و بۆچوونی خوێندکارەکان دەبەخشی. لەگەڵ ئەوەشدا بەلەبەرچاوگرتنی نەخۆشییەکەی (بریتۆن)، ئەو ئەگەرە بەئاشکرا زیاتر و بەهێزتر دەبێت کە ئەگەر خۆی کوشتبێت، هۆی خۆکوشتنەکەی ئەوە نەبووە بیکات بەسەروەری بۆخۆی، بەڵکو بەهۆی ماخۆلیاکەیەوە بووە.

کتێبی (ئەناتۆمی ماخۆلیا) یەکەمجار لەساڵی 1621دا بڵاوبۆوە و لەلایەن خوێنەرانەوە پێشوازیی لێکرا لەبەرئەوەی (بریتۆن) کتێبەکەی بۆ دڵدانەوەی هەمووان نووسیبوو: واتە بۆ ئەو نەوە ماخۆلیاییەی کە لەگەڵ خەم و خەفەتی سەردەمی (ئەلیزابێس)دا لەدایك ببوون. ئەم کتێبە دوای یەکەم بڵاوبوونەوەی پێنج جار موراجەعە کرایەوەو بڵاوکرایەوە کە دواجاریان ساڵی 1651 بوو.

کتێبەکە بەپێچەوانەی زۆربەی بەرهەمە نایابەکانەوە، تەواو نائاسایی و ناباوە. لەڕوانگەیەکەوە هاوتای فەلسەفی چیرۆکی بێبایەخ و بێسەروپای (لۆرەنس ستێرن)ە بەناوی (تریسترام شندی). خوێنەر دەچێتە ناو پێچاوپێچێکی کنایەی کلاسیکی و کورتەی ژیاننامەکانەوەو تەمومژاوترین زانیاریی دەدرێتێ. بۆ نموونە لەجێگایەکی کتێبەکەدا دەتوانرێت ئەوە بخوێنرێتەوە کە چل ساڵ زیاتر درێژەی کێشاوە تا کەسێك بەناوی (تبت بن چورات) جووڵەی تۆپی هەشتەمی دۆزیوەتەوە. بەم پێیە کتێبی (ئەناتۆمی ماخۆلیا) لەمێژووی پزیشکییدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. ئەم کتێبە لوتکەی ترادسیۆنی ئاوێتە نیشان دەدات و دوا نیشانەی سەرکەوتنی زانینی هیپۆکراتیسیە کە لەسەروەختێکدا دەخرێتەڕوو بنەماکانی جالینۆس هێشتا بێڕکابەرن.

بەپێی بابەتەکانی دەتوانین کتێبەکەی (بریتۆن) دابەشبکەین بۆ چواردە بەشی سەرەکی. لەبەشی یەکەمدا لە هەوڵی ئەوەدایە ماخۆلیا پێناسە بکات و بەشی دووەمی بۆ چارەسەرکردنی ماخۆلیا تەرخانکردووە. بەشی سێیەم نامەیەکی دووردرێژە دەربارەی تەواوی لایەنەکانی ماخۆلیای عەشق کە (بەشێکی کورتترو تەواو دەربارەی ئەناتۆمی ئیرەیی کراوە بەپاشکۆی) و بەشی کۆتایی کتێبەکە دەربارەی باسی ماخۆلیای مەزهەبی دەکات.

(بریتۆن) وەکو زۆربەی توێژەرە کۆنەکان، کارەکەی بەتێگەیشتن لەبابەتەکە لەرێگەی ژماردنی نیشانەکانی نەخۆشییەکەوە دەستپێدەکات. ئەم نیشانانە تایبەتمەندییە سەرەکی و باوەکانی پەتای عەشق لەخۆی دەگرێت وەکو رەنگپەڕیوی، لێدانی نارێکی دڵ، بێخەوی و نەمانی ئیشتیهای خواردن. وێڕای ئەمەش سروشتی دوودڵی و ڕاڕایی (بریتۆن) ناچاری دەکات بەدوای نموونەی زیاتردا بگەڕێت تا ئەو جێگایەی کە هیلاك و پرزە لێبڕاو لەبەر ئەو باری لێپرسراوێتییەی لەسەرشانێتی، ناچار دەبێت پەنا بۆ ئەو خاڵە بەرێت کە: (نیشانەکانی نەخۆشی عاشقان تارادەیەك لەژمارە نایەن و ئەوەندە جۆراو جۆرن کە هیچ کەسێك ناتوانێت لێیان حاڵیبێت.) (بریتۆن) باوەڕ بەوە دەکات کە عاشقان دەتوانن (خۆیان لەفەزایەکدا نقووم بکەن کە دەکەوێتە دەرەوەی شادییەوە) بەڵام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە لەدوا بەراورددا رەنگە باشتربێت کە عەشق وەکو ( تاعون و ئەشکەنجە و دۆزەخ و تاسەی تاڵ و شیرین وەسف بکرێت.)

(بریتۆن) بەپەنابردن بۆ نموونەی (ئاوێتە) نیشانەکانی ماخۆلیای عەشق بەیاندەکات. هەروەکو چۆن گەرما دەبێتە هۆی ئەوەی ئاو ببێت بەهەڵم، عەشقی بەتینیش سەراپای تەڕایی لەش وشکدەکاتەوەو لەشێکی زیان پێگەیشتوو و کۆڵەوار دەهێڵێتەوە. بۆ پشتگیریی ئەم بۆچوونە بریتۆن بەڵگەیەکی بەجێماو لەتوێکاریی لەشی پیاوێکی یۆنانی کۆن باسدەکات کە بەوە ناسرابوو بەئازاری عەشق مردووە. ئەو رووداوە سەرنجی (ئەمپیدۆکلیس)ی فەیلەسوفی راکێشاو دوای لێکۆڵینەوەی ئەندامانی ناوەوەی لەشی کابرای مردوو تێگەیشت کە (دڵی سووتاوە، جگەری پڕە لەدووکەڵ و سییەکانی بەتەواوی وشك بوونەتەوە). (ئۆمپیدۆکلیس) بەبینینی ئەم حاڵەتە رایگەیاند ( گیانی ئەم کابرا بەدبەختە لەئەنجامی ئاگری عەشقدا بووە بەکەباب.) بۆ ئەو کەسانەی کە بەسەلامەتی لەبەڵای مالوێرانکەرو بنەڕەتیی عەشق رزگاریان دەبێت، مەترسیی تووشبوون بەنەخۆشیی دەروونی شتێکی جددییە. ئەو کەسانەی کە عەشقی بەتینیان تاقیکردۆتەوە، رەنگە تووشی حاڵەتێك بن کە (بریتۆن) بەشێتیی عەشق ناوی دەبات. ئەمانە تارادەی چوارپێ عەقڵیان دادەبەزێت، بێئاوەزو گێل و کەللەڕەق دەبن. (بریتۆن) ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئەگەری پێشبینیکردنی ئەم نەخۆشییە زۆر کەمە: (ئەمانە یان شێت دەبن یان دەمرن.) بەگێڕانەوەی بەسەرهاتی پیاوێکی باش دان بەوەدا دەنێت کە عەشقی بەتین (خوێنگەرم و روون و رەش دەکات) و (ئەگەر مێشك تووشی ئیلتیهاب ببێت .. بەشێوەیەك وشکی دەکاتەوە کە شێتیی بەدواوە دەبێت یان ئەوەی ئەم کەسانە خۆیان دەکوژن). بەم پێیە عاشقان هەندێ جار وەها شێت دەبن کە بەخوێنساردی و ئارامییەوە مەرگ قبوڵدەکەن. (بریتۆن) دەربارەی عاشقێك وەك نموونە دەڵێت: (سەبارەت بەوەی کە خۆی خنکاندووە، نابێ خەفەت بخۆین چونکە ئەگەر بیتوانیایە، بەداوی گۆرەوی دڵدارەکەی خۆی دەخنکان.)

مایەی سەرنجە کە دوابەرهەمی گەورە دەربارەی ماخۆلیای عەشق رۆحانییەکی ئینگلیز نووسیوویەتی. ئاشکرایە کە خەڵکی ئینگلیز هەر بەسروشت ساردوسڕن و تاقەتی تێکەڵاوییان نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تەقریبەن ماوەی سەد ساڵ، ئەنجامەکانی دەروونزانیی عەشق ناوەڕۆکی سەرەکیی نووسینە ئینگلیزییەکان بوو. رەنگە سەرەداوی ئەم حەزو ئارەزووە لەکەسێتیی ئینگلیزەکاندا خۆی حەشاردابێت. لەڕوانگەی هیپۆکراتیسیەوە، ناوبانگی بەئاشکرا ساردوسڕی پیاوی ئینگلیز نیشاندەری عەشقی ناخە کە تیایدا جگەری تەقیووە، دڵی

دووکەڵی لێهەڵدەسێ، دەمارەکانی تەڕاییان لێبڕاوە، مێشکی وشك بۆتەوەو گیانی لەئەنجامی عەشقی بەتیندا هەناسەی لێبڕاوە.

ئەزموونی عاشقبوون ئەگەرچی ئەزموونێکی ئاڵۆزە، بەڵام لەماوەی ساڵانێکێ زۆرداو لەنێو کولتوورەکاندا بەبەردەوامییەکی بەرچاوەوە باسکراوە. جگەلەمەش پەیوەندی چەندبارەو بەڕاستی بەردەوام و شاعیرانەی عەشق و شێتی بەهایەکی لەوە زیاتری هەیە کە بۆ زانینی تەنیا بزەیەك بخەینە سەرلێومان و بەشەرمەوە ساتەوەوەختێك بەقووڵی بیری لێبکەینەوە. بێگومان ئەم پەیوەندییە بەهای ئەوەی هەیە کە لەزەمانی وتنی یەکەم گۆرانیی عاشقانەوە هەتا ئەو گۆرانییە راستەقینانەی پڕن لەتاسە، خوازەیەك بەکاربێنین. وێڕای ئەمەش دەبێ ئەو خاڵەش بەبایەخدار بزانین کە دکتۆرەکان زیاتر لەهەزار ساڵ پەتای عەشقیان بەجدی گرت. ئایا تەواوی ئەمانە مانایەکیان نییە؟ رەنگە ئەگەر واز لەباوەڕ بەعەشق بێنین و بەشێوەیەکی کاتی عەشق وەکو نەخۆشییەکی دەروونی پێناسە بکەین. ئەم پێناسەیە بەرەو چەند روانگەیەك بمانبات کە بەپێچەوانەی چاوەڕوانییەکانمانەوە بێت. لەڕاستیدا پێناسەیەکی ئاوا تەنانەت کلیلی تێگەیشتنی راست و دروستە لەعەشق و چۆنیەتیی مامەڵەکردنە لەگەڵیدا.

*گراڤور- gravure وشەیەکی فەرەنسییە، ئەو کانزایەیە کە وێنەی لەسەر هەڵدەکەندرێت بۆ چاپکردنی وێنەکە. ئەو وێنەیەی بەو شێوەیە چاپ بکرێت هەر پێی دەوترێت گراڤور. (فرهنگی سخن).

** خودئاگایی: زاراوەیەکی دەروونزانییە بەمانای ئاگاداربوون سەبارەت بەپێویستی و ئەندێشەو کاردانەوەکانی رەفتاری خود. (فرهنگی سخن)

**سەرچاوە:**

ئەم بابەتە بەشی یەکەمە لەکتێبی (مرچ عشق) دکتر فرانك تالیس. وەرگێڕانی بۆ فارسی- سعید وهابی.

